The Journal of Mesopotamian Studies
د. مهدی صالح سلێڤانی- م.ی. سهعید مهولود نادر
سیاسهتی بهدرهدین لؤلؤ بهرامبهر ناوچهکوردنشینهکان ;
The Journal of Mesopotamian Studies, C: 3/1, WİInter 2018, r. 163-178

Makale Geliş Tarihi: 15.12.2017
Makale Kabul Tarihi: 13.02.2018

# سیاسەتی بەدرەدین لؤلؤ بەرامبەر ناوچە کوردنشینەکان

**د. مهدی صالح سلێڤانی** **م.ی. سەعید مەولود نادر**

**Mehdî Salih Slêvanî*** **Seîd Mewlud Nadir***

کورتە

بەدرەدین لؤلؤی فەرمانڕەوای شاری موسڵ، یەکێکەلەکەسایەتییەدیارەکانی مێژووی ئیسلامی، کەڕۆڵێکی گرنگی بینیوەلەئاراستەکردنی سیاسەتی ناوچەکەلەکۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی دەولەتی عەباسی، توانیویەتی لەبەرامبەر هەڕەشەو تەنگژەسیاسییەکان خۆی ڕابگرێت و لەگەڵ ئەو دۆخەهەڵبکات، کەلەناوچەکەدا ڕویانداوە.

هەرچەندەلەسەرەتادا وەك کۆیلەیەکی بنەماڵەی زەنگییەکان لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەرکەوتووە، بەڵام بەهۆی توانا و لێهاتوویی کارگێڕی، کارایی خۆی سەلماندوەو متمانەی ئەو بنەمالەیەی بەدەستهێناوە، دواجار خۆشەویستی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی وایلێکردووە، هەولبدات سنوور بۆ دەسەڵاتی ئەو بنەماله یەدابنێت و کۆتایی بەو بنەماڵەیەبهێنێت، تەنانەت بووەتەجێگرەوەیان لەفەرمانڕەوایی کردنی ناوچەکە.

بەهۆی ئەوەی میرنشینەکەی لؤلؤ لەگەڵ ناوچەکوردییەکاندا هاوسنوور بووە، هێزەکوردییەکانی بەمەترسی سەر دەسەڵاتی خۆی زانیوە، چونکەپەیوەندی خزمایەتی لەنێوان کەوکەبەری فەرمانڕەوای هەولێر و بنە مالەی زەنگییەکان هەبووە، لەلایەکی دیکەوەهەولێر هاوپەیمانی بەشێك لەهێزەکاریگەرەکانی ناوچەکەبووە، بێجگەلەوەی عەدەوییەکانیش وەك هێزێکی کوردی هەڕەشەی بەردەوام بوون بۆ سەر دەسەڵاتی لؤلؤ و بە ردەوام بەهێزتر دەبوون، بۆیەلؤلؤ بەئامانجی سنوردار کردنی هێزەکوردییەکان، پەیوەندی دۆستایەتی لەگە ڵ مەغۆلەکان کردووەتەدەروازەیەك بۆ دەرچوون لەو مەترسییانە، یارمەتی و هاوکاری پێشکەشی هێزی مەغۆلەکان کردووەلەکاتی هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکوردییەکان، بەتایبەتیش بۆسەر هەولێر.

توێژینەوەکەمان بۆ چوار تەوەر دابەشکردووە، لەتەوەری یەکەم و دووەمدا باسمان لەدەرکەوتن و ژیانی لؤلؤ کردووە، هۆکار و دەرەنجامی ململانێی لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان خراوەتەڕوو، لەتەوەری سێیەم و چوارەمیشدا سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەو کەسایەتییەبەرامبەر ناوچەکوردییەکان خراوەتەڕوو، وردتریش هاوکاری و پشتیوانییەکانی ئەو کەسایەتییەکان تۆمار کردووەبۆ مەغۆلەکان.

* Dr. Zankoya Koyê, Fakulteya Perwerdeyê, Beşa Dîrokê, E-mail:mahdi.slevani@koyauniversity.org)

* Asst. Lect. Zankoya Koyê, Fakulteya Perwerdeyê, Beşa Dîrokê, E-mail:saeed.mawlwd@koyauniversity.org

## ABSTRACT

***Badr al-din Loa Loa'a Policy Towards Kurdish Areas***

Lo'aloa'a is one of the most distinguished characters of the Islamic history. He played a great role in directing the policy of the area during Abbasi's reign and he proved his impact on the balance of power.Although he was a slave of the Zingies, but his intelligent and skills made him distribute his masters in their authority. His overambitions made him to put an end to the Zankies authority which was lasted for a century, and then he became the prince of their emirate. Loa'loa'a traversed all the political and administrational obstacles depending on his talent and experience then to became one of the affective political powers of his time. During the Mogul invasion of the Eastern Islamic State, Loa'loa'a helped them to prevent his emirate from this invasion and he established a good relation with the Mogul.Lo'aloa'a felt unsecure toward the political power adjacent to the boarders of his emirate, specially the Kurdish area. This is why he felt a kind of threat in the power of the two enemies. On the other hand, the growing influence of the emirate of Erbil, represented by Kokobri and his allies with the other powers, pushed Lo'aloa'a to take all the precautions through strengthening his relations with the Caliphate, and also his ally with the Mongols in order to reduce the threats of the Kurds to his power. All of that made him supply the Mongols with all the support through their campaign against the Kurds.

This research spots light on the Loa'loa'a's biography and his politicy towards Kurdish areas. The first two sections deal with Loa'loa'a's early beginning and his emergence within the political events and also the reasons and consequences of his struggle with the Zankies. The third and fourth sections deal with aggressive policy of Loa'loa'a towards the Kurdish people especially his struggle with Mozafar Al-Deen Kokbry and Adaween Kurd.


**Key Words:**Badraddin Lo'aloa'a, Politics, Kurdish Areas




## ÖZ

***Bedreddin Lu'Lu'nun Kürt Bölgelerine Yönelik Siyaseti***

Lu'lu, İslam tarihinin en seçkin karakterlerinden biridir. Abbasi'nin hükümdarlığı boyunca bölgenin politikasını yönlendirmede büyük rol oynadı ve iktidar dengesi üzerindeki etkisini kanıtladı. Zengilerin kölesi olmasına rağmen, zekası ve becerileri sayesinde ustalığını kendi hükümdarlığına kullanabiliyordu. Hırsı onu bir yüzyıl süren Zankilerin otoritesine son vermesini sağladı ve ardından da emirliklerinin prensi oldu.Lu'lu, yetenek ve tecrübesine bağlı olarak tüm siyasi ve idari engelleri aşarak o zamanın etkili politik güçlerinden biri haline geldi. Moğolların Doğu İslam Devletini istilası sırasında, Lu'lu, emirliklerini bu istiladan korumak için onlara yardımcı oldu ve Moğollarla iyi ilişkiler kurdu.Lu'lu emrinde yaşayan, özellikle de Kürt bölgesinin sınırları içindeki siyasi güce karşı kendini güvensiz hissetti. Bu yüzden her iki düşmanın gücünde bir tehdit hissetti. Öte yandan, Kokobri ve diğer müttefik güçlerle temsil edilen Erbil emirliğinin artan etkisi, Lu'lu, 'yı Halife ile olan ilişkilerini güçlendirerek tüm önlemleri almaya ve ayrıca Kürtlerin onun gücüne yönelik tehditlerini azaltmak için Moğollar ile müttefik olarak ilişkilerini güçlendirmesine doğru itti. Bütün bunlarla, Kürtlere karşı Moğolların yürüttüğü kampanyada Moğollara gereken her türlü desteği sağladı.

Bu araştırma, Lu'lu'nın biyografisine ve Kürt bölgelerine yönelik politikasına ışık tutuyor. İlk iki bölümde Loa'loa'a'nın başlangıçtaki durumu, politik olaylardaki ortaya çıkışı ve ayrıca Zengilerle olan mücadelesinin nedenleri ve sonuçları ele alınmıştır. Üçüncü ve dördüncü bölümlerde, Lu'lu'nın Kürt halkına yönelik saldırgan politikası, özellikle de Muzaffer El-Din Kokbri ve Edvin Kurd ile olan mücadelesi ele alınmaktadır.


**Anahtar Kelimeler:** Bedreddin Loa Loa, Politika, Kürt Bölgeleri

**پێشەکی**

دوا قۆناغی حوکمڕانی خەلافەتی عەباسی (447-590ك/1055-1194ز) بەوەدەناسرێتەوە، کەسە لجوقییەکان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵات بوون و بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی چەندین میرنشین و فەرمانڕەوای نیمچەسەربەخۆ دەرکەوتن، هەریەکێکیان بنەماڵەیەك حوکمی دەکرد و بەئەتابە گەکان دەناسران، لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا، بەهۆی دەرکەوتنی چەند سولتانێکی بێ هێزی سەلجوقی، ئەو ئەتابەگانەتەنها پەیوەندییەکی لاوازیان بەدەسەڵاتی ناوەندەوەمابوو.

بنەماڵەی زەنگییەکان (521-630ك/1127- 1233ز)، یەکێك لەو ئەتابەگانەبوون فەرمانڕەوای موسل و بەشێك لەناوچەشاخاوییەکانی سەر بەو شارەیان گرتەدەست، توانیان نزیکەی سەدەیەك حوکمی ئەو ناوچانەبکەن و ڕۆڵی مێژوویی خۆیان تۆمار بکەن. بەدرەدین لۆلۆ(630-657ك/1233-1258ز) وەك کۆیلەیەکی ئەو بنەماڵەیە، توانی بەهۆی لێهاتویی و زیرەکی و زۆرزانییەوە، خزمەتێکی زۆر پێشکەشی خاوەنەکەی بکات و ببێتەجێگەی متمانەو جێگەی بایەخی خاوەنەکەی، لەکۆتاییشدا توانی کۆتایی بەو بنە مالەیەبێنێت و خۆی دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت.

ئەو کەسایەتییەبەوەجیادەکرێتەوەتوانیویەتی لەبەرامبەر هەرەشەو تەنگژەسیاسییەکان خۆی ڕابگرێت و لەگەڵ ئەو دۆخەهەڵبکات لەناوچەکەدا ڕودەدەن، بەرگەی هەموو نەهامەتییەکان بگرێت و جۆرەها شێوازی دبلۆماسی بەکار بێنێت بۆ قورخکردنی دەسەڵات و مانەوەی لەدەسەڵاتدا، تەنانەت خۆی بپارێزێت لەهێرشی بەربڵاوی مەغۆلەکان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی، کەبووەهۆی نەهامەتی و وێرانکاری و داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئەو ناوچەو هەرێمانەی کەڕووبەڕووی ئەو لێشاوەبوونەوە، تە نانەت توانی ئەو پرۆسەیەبەسوود و بەرژەوەندی دەسەڵاتدارێتییەکەی هەڵگێڕێتەوە.

توێژینەوەکەدابەش بووەبۆ سەر چوار تەوەر، لەتەوەری یەکەمدا هەولدراوەباس لەدەرکەوتنی ئەو کە سایەتییەبکرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست لەسەرچاوەکان، ژیانی سەرەتایی نادیارەو ئاماژەیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، لەتەوەری دووەمدا باس لەفێڵ و زۆرزانی ئەو کەسایەتییەکراوەله قورخکردنی دەسەڵات و کۆتایی هێنان بەحوکمی ئەو بنەماڵەی کەخۆی تێیدا پەروەردەبووە، سێیەمیان تە رخانکراوەبۆ باسکردن لەمملمڵانێی نێوان لۆلۆ و کوردەعەدەوییەکان، دوا تەوەریش پەیوەندی نێوان لۆلۆ و مەغۆلەکان دەگرێتەخۆی، لەم تەوەرەیەشدا مەودای باسەکەکورتکراوەتەوەوزیاتر جەختکراوەتەسەر سیاسەتی لۆلۆ بەرامبەر ناوچەکوردنشینەکان لەکاتی هێرشی مەغۆلەکان.

بۆ نوسینی ئەو توێژینەوەیەش، سوود لەدەیان سەرچاوەوەرگیراوە، هەوڵمانداوەپشت بەو زانیارییانەببە ستین کەلەسەرچاوەکانی ئەو قۆناغەدا تۆمار کراون، لەوانەکتێبی (الکامل في التاریخ)ی ئیبن ئە سیر(630ك/1233ز)، کەهاوسەردەمی ڕوداوەکانەو خۆی باوکی و براکانیشی لایەنگیری زەنگییەکان بوون و تەنانەت ئەو کتێبەشی لەسەر داوای لۆلۆ نووسیوە، هەروەها کتێبی (جامع التواریخ)ی ڕەشیدە دین فضل الله هەمەدانی(718ك/1318ز)، کەکەسایەتییەکی نزیکی مەغۆلەکان بووەو زانیاری وردی دە ربارەی پەیوەندییەکانی نێوانیان تۆمار کردووە، سەرەڕای چەندین سەرچاوەی دیکەکەلەلیستی سەرچاوە کان تۆمارکراوە.

**یەکەم: دەرکەوتنی بەدرەدین لۆلۆ**

ژیان و سەربردەی ئەو کەسایەتییەپێش گەیشتنی بەدەسەڵات ڕوون نییەو لەسەرچاوەمێژووییەکان ئاماژە یەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، یەکەم دەرکەوتنی لەسەر شانۆی ڕوداوەکانی مێژوو، ئەو کاتەیەکەمەملوکی نورەدین ئەرسەلان شای یەکەمی (589-607ك/1193-1211ز) خاوەنی موسل بووە، کەدوا فەرمانڕە وای سەربەخۆی زەنگییەکان بوو، ئەوەی زانراوەناسراوەبە(ابو الفضائل لؤلؤ)، مەملوکێکی ئەرمەنی بووەو لەلایەن پیاوێکی بەرگدروو کڕدراوە، دواتر بووەبەمەملوکی ئەرسەلان شا، بەهۆی لێهاتویی و کارامەیی توانیویەتی ببێتەخۆشەویستترین مەملوکەکانی و متمانەی ئەو بنەماڵەیەبەدەست بێنێت تا ئەرکی

سەرپەرشتیکار و بەخێوکەری مندالەکانی لەئەستۆ گرتووە (ابن کثیر، 1998: 383/17؛ الذهبي، 1996: 23/ 356-359).

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی نورەدین ئەرسەلان شا ڕۆڵی کاریگەری بینیوەو توانیویەتی بگات بەپلەی فەرماندەی سوپا و لەبەڕێوەبردنی کارەکانیدا سەرکەوتوو بووە، متمانەی خاوەنەکەی بەدەست هێناوەو تەنها کەسیش بووەکەئاگاداری پەیامەنهێنییەکانی بووە، سەرەڕای ئەوەی ئەزمونی لەململانێی نێوان ئەیوبییەکان و زەنگییەکان، بەتایبەتی لەسەرنەکەوتنی زەنگییەکان وەرگرتووەو توانیویەتی کارایی خۆی بسەلمێنێت، ئەم ئەزمونەهاوکارییەکی باشی بووەلەڕۆژگارەکانی دواتر بۆ سەقامگیر بوون و خۆسەپاندنی لەحوکمڕانیدا(Patton, 1991: 81-83).

لەکاتی سەرەمەرگی نورەدین ئەرسەلان شادەتوانین ئەو پەیوەندییەبەهێزەی نێوانیانبخوێنینەوە، چونکەلەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ موسل بەدرەدینی لەگەڵ بووە، یەکێك لەخۆشەویسترین مەملوك و باوەڕپێکراوەکانی بووە، لەکاتی مردنی نورەدینیش، لؤلؤ فشاری خستۆتەسەر پزیشکەکانی بۆ شاردنەوەی ئەم هەوالە (ابن الاثیر،1963: 198)، ئەمەش پێگەی ئەو کەسایەتییەدەردەخات لەهەژمونی دەسەلاتی ئەو کەسایەتییەلەو قۆناغەدا.

نورەدین ئەرسەلان شاپێش مردنی وڵاتی موسلی لەنێوان کوڕەکانیدا دابەش کرد،عیزەدین مەسعود (مەلیك قاهیر)ی کوڕی گەورەی کردە جێنشینی خۆی و لەسەر تەختی وڵاتی دانا، هەردوو قەڵای عەقرەی حەمیدی و قەڵای شوشی بۆ (عیمادەدین زەنكی) کوڕی بچوکی دابڕی وناردییەوڵاتی هەکاری بۆ ئەوەی سەرداریێتی ئەو قەڵایانە بگرێتەئەستۆ، لؤلؤیشی کردەسەرپەرشتیاری هەردوو کوڕەکەی بۆ ڕاییکردنی کاروباری مەملەکەتەکانیان، چونکەخاوەن سیاسەتێکی باش و لێهاتوو بوو، لەلایەکی دیکەوەکوڕەکانی هێشتا منداڵ بوون و شیانی فەرمانڕەوایەتی نەبوون (ابن الاثیر، 2003: 354/10)، بۆیەدیوەجی پێیوایە ئەم دابەشکردنەش یەکێك لەفێڵ و مەکرەکانی لؤلؤ بووە، بۆئەوەی میرنشینەکەیان بێهێز بکات و جیاوازی بخاتەنێو بنەماڵەی زەنگییەکان، بۆ ئاسانتر ڕامکردنی فەرمانڕەوایەتی و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی (1982: 309/2).

نورەدین ئەرسەلان شا بەهۆی خراپ بوونی تەندروستی، ماوەیەك پێش مردنی، یەك بەدوای یەك فەرماندەسەربازییەکانی سوپا و میرەکان و زانا و کەسایەتییەدیارەکانی بانگ کردووەو پەیمانی لێوەرگرتوون بۆ دانان بەدەسەلاتی مەلیك قاهری کوڕەگەورەی، بۆ وەرگرتنی فەرمانڕەوایەتی موسل، ئەرسەلان شا لەساڵی (607ك/1211ز) دەمرێت و مەلیك قاهر دەسەڵات دەگرێتەدەست، بەهۆی کەم تەمەنی و بێ ئەزمونی و لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی باوکی، لؤلؤ سەرپەرشتیاری لەئەستۆ دەگرێت(ابن الاثیر، 2003: 354/10).

ئیبن ئەسیر زیادەڕەوییەکی زۆری کردووەلەستایشکردنی لؤلؤ و پاساوی بۆ دێنێتەوە[(1)]، گوایە لەبەر ئەوەکوڕەکانی نورەدین ئەرسەلان شا یەك بەدوای یەك دەکاتەجێنشین و پشتگیری خەلیفەش بەدەست دێنێت، چونکەبۆپاراستنی سیستەمی گشتی و بەرگری کردن لەمانەوەو پارێزگاری لەشکۆ و ڕەوایەتی دەسەڵاتی زەنگییەکان پێویست بووە (1963: 201-204)، چونکەئیبنئەسیر و باوکی و براکانیشی لەسێبەری بنەمالەی زەنگییەکان ژیاون و بەئاشکرا لایەنگیری ئەوانیان کردووە، تەنانەت کتێبی (الکامل في التاریخ)ی لەسەر داوای لؤلۆنووسیوە(حوسێن، 2010: 105).

(1)ئیبنئەسیر دیمەنی دیکەش دەکێشێت و پاساو بۆ کارەکانی لؤلؤ دێنێتەوە، هەوڵدەدات بەرپەرچی ئەو ڕەخنانەبداتەوەکەئاراستەی دەکرێت، ئەوەتا تەمەنی مەلیك قاهری بەدەساڵان دیاریکردووەکاتێك کەفەرمانڕەوایی موسلی وەرگرتووە(2003: 354/10)، بەڵام سەرچاوەی دیکەدەڵێن ئەوکاتەی مەلیك قاهر جێگەی باوکی گرتووەتەوەبۆ فەرمانڕەوایی موسل، تەمەنی حەڤدەساڵان بووە(بڕوانە: ابن خلكان، دون تاریخ: 208/5؛ ابن العماد، 1979: 62/5)، دیاری کردنی ئەو تەمەنەلەلایەن ئیبنئەسیر، دەیەوێت پێمان بڵێت تەمەنی ئەتابەك ئەوەندەبچوکەشایستەی دەسەڵاتدارێتی نییە، بۆیەئاساییەئەگەر لؤلؤ دەسەڵات بگرێتەدەست. ( سەبارەت بەستایشەکانی ئیبنئەسیربڕوانە: 1963: 203-204)،توێژەرێك ئاماژەی بەوەکردووەئیبنئەسیرخۆی بەدرۆ دەخاتەوەکاتێك دەڵێت: ((ساڵی 615ك/1218ز مەلیك قاهر لەکاتی گیاندانی وەسیەتی کردووەنورەدین ئەرسەلان شای دووەمی کوڕی گەورەی، کەئەوکات تەمەنی دەساڵان بوو، دەسەڵات وەربگرێت))، ئەمەش نابێت، چونکەبەو پێیەدەبێت تەمەنی مەلیك قاهر هەشت ساڵان بێت کاتێك ئەو کوڕەی لەدایك بووە، بۆیەگێڕانەوەی ئیبن خەلەکان ڕاستترەو گێڕانەوەکەی ئیبنئەسیرتەنها پاساوەبۆ کارەکانی لؤلؤ (بڕوانەپەراوێزی: حسین، 2010: 112)

بەم شێوەیەدەسەڵاتی زەنگییەکان لەنێوان کوڕەکانی نورەدین ئەرسەلان شادابەش دەبێت، موسل دەکەوێتەژێر سایەمەلیك قاهر، هەروەها قەلاکانی عەقرەو شوش لەوڵاتی هەکاریدەبێتەسنوری فەرمانڕەوایەتی عیمادەدین زەنگی، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانەپێدەچێت لؤلؤ لەموسڵ پێگەی بەهێزتر بووبێت و لەناوچەی سنوری فەرمانڕەوایی مەلیك قاهر هەولی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی دابێت وەك پرۆسەیەکی زامنکراو لەبەرامبەر دەسەلاتی عیمادەدین زەنگیلەم قەڵایانە.

بەپێی بۆچونی هەندێك مێژونووس، گرتنەئەستۆی پاراستنی فەرمانڕەوایەتییەکەلەلایەن لؤلؤ، ڕوپۆشێك بوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و چەسپاندنی پێگەی خۆی، چونکەزۆربەی مێژونووسان هاوڕان لەسەر پیلانگێڕییەسیاسییەکانی و کۆنترۆلکردنی دەسەڵات، بەدانانی کوڕەکانی نورەدین زەنگی یەك لەدوای یەك بۆ ئەم مەبەستە(الذهبي، 1996: 357/23؛ Patton, 1991: 83).

بەپێی ئەزمونەکانی مێژوو، یەکێك لەسیماکانی دەسەلاتدار لەمێژوودا، سوود وەرگرتنەلەدەرفەت و چۆنیەتی مامەلەکردنیەتی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی هەلدەکەوێت، چونکەگەلێك جار ژینگەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنەبنەمای ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ دەرکەوتنی کەسی کاریزمای مێژوویی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتدارێتی، مسۆگەرکردنی ئەم بەدەستهێنانەش گەلێکجار بەندبەکارامەیی و لێهاتوویی کەسی کاریزما، لؤلؤ لەو کەسایەتییانەیەتوانیویەتی بەکارایی و ئەزمونی سیاسییانەی، ئەو کەشەلەبارە دروست بکات و فەرمانڕەوایەتی بەدەست بێنێت، سەرەڕای مەکر و فێڵ و کارامەییەکەی، بەتایبەتی دوای مردنی هەریەك لەمجاهد الدين قايماز(مر599ك/1202ز) و مجد الدين ابن الاثير(مر606ك/1210ز)، زیاتر لەخاوەنەکەی دەچێتەپیش و متمانەی زیاتری بەدەست دێنێت، تەنانەت بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ولاتەکەشی پشتی پێدەبەستێت و دەبێتەنوێنەری (الجميلي، 1970: 238؛ الديوجي، 1982: 309). توێژەرێك جەخت لەوەدەکاتەوە، سەرکەوتنی لؤلؤ دەگەڕێتەوەبۆ باوەڕ بەخۆبوون و کارامەیی لەقۆرخکردنی بواری سیاسی و کۆمەلایەتی لەموسل و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە دیارەکانی ناوچەکە(Patton, 1991:79).



**دووەم: قۆرخکردنی دەسەڵات و کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی زەنگییەکان**

مەلیك قاهر لەپێش مردنیدا نورەدین ئەرسەلان شای دووەمی کوڕی کردەجێنشینی خۆی و لؤلؤیشی کردەسەرپەرشتیاری، چونکەتەمەنی تەنها دەساڵان بوو (ابن الاثير،2003: 382/10؛ ابن العبري، 2007: 231)، توێژەرێك پێیوایەدامەزراندنی ئەم منداڵەش یەکێکەلەفێڵەکانی لؤلؤ، چونکەلەسەردەمی مەلیك قاهریش دەسەڵات لەدەست خۆی بووەو فەرمانڕەوایەتی ئەو منداڵەش مانای جێگیربوونی پێگەو دەسەڵاتی جارانی دەگەیەنێت، چونکەلەسەرەتادا نیازی دەستبەردار بوونی دەسەلاتی نەبووە(حوسێن، 2010: 113).

هەرچەندەلەسەردەمی مەلیك قاهر ڕۆڵی لؤلؤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەکەوتووە، لەسەرچاوەمێژوویەکان ئاماژەیەکی ئەوتۆ بەچالاکییەکانی نەدراوە، بەڵام پێدەچێت بەشێوەیەکی کارا فەرمانڕەوای وڵاتی کردووە، چونکەتوانیویەتی ببێتەجێگەی متمانەی، تەنانەت لەبەڕێوەبردنی وڵاتیش بەهەمان شێوەی ئەرسەلان شای یەکەمی باوکی، مەلیك قاهر سەرپەرشتیاری کوڕەکانی دەخاتەئەستۆ(ابن الاثير، 2003: 382/10).

مەلیك قاهر ساڵی (615ك/1218ز) لەبارودۆخێکی گوماناویدا مردووەو تا ئێستا ڕوون نییەهۆکاری مردنەکەی چییە[1]، بەڵام پێدەچێت لؤلؤ لەپشت ئەم ڕوداوەبێت و ویستبێتی بەتەواوی دۆخێکی گونجاو

[1]گێڕانەوەی جیاواز هەیەلەبارەی مردنی مەلیك قاهر، هەندێك گێڕانەوەهەیەگوایەژەهر خوارد کراوە(ابو شامة، 1974: 114؛ الذهبي، 1985، 166/3؛ ابن العماد، 1979 :62/5)، بەڵام ئیبن خەلەکان کەبەشێوەیەکی ورد کاتی مردنەکەی تۆمارکردووە، دەڵێت: لەشەوی دووشەمە، پێش سێ ڕۆژ لەمانگی (ربيع الاخر) لەناکاو مردووە(دون تاريخ: 208/5)، ئیبن ئەسیر هۆکاری مردنەکەی دەگێڕێتەوەبۆ نەخۆشی و دەڵێت: بەلەرز و تا مردووە(2003: 382/10). بەڵام ناتوانین پشت بەگێڕانەوەکەی ئیبن ئەسیر ببەستین، بەهۆی ئەو هۆکارەی کەلەپێشەوەباسمانکرد.

دروست بكات بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی كردنی وڵات بكەوێتەدەست خۆی، چونكەمەلیك قاهر
ببووەجێگەی ڕەزامەندی و خۆشەویستی خەڵكی موسل، وەك ئیبن ئەسیر دەڵێت: لەكاتی مردنەكەیدا دە
نگی شیوەن و لاوانەوەلەهەموو ماڵەكان بەرز بووەوە (2003، 10: 382)، پێدەچێت ئەم دۆخەلەبەرژە
وەندی لۆلۆ نەبووبێت و جێگیربوونی پێگەی مەلیك قاهر، بەهۆی گەورەبوونی تەمەنی و لەئەنجامی
ممارەسەكردنی دەسەڵاتیش هێزی زیادی كردبێت، ئەمەش بووبێتەهۆی لاوازبوونی هەڵوێستی لۆلۆ بۆ
دەستەبەركردنی مەرامەكانی لەبەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەوەی زیاتر ئەو بۆچونەپشتڕاستدەكاتەوەلەگەڵ
مردنی مەلیك قاهر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ دەكەوێتەدەست لۆلۆ و ئەو خاوەندارێتی فەرمانڕەوایی ولات دە
كات لەڕێگەی دانانی منداڵێكی كەم تەمەنی وەك نورەدین ئەرسەلان شای دووەم(ابن واصل، 1960:
262/3).

هەرچەندەمێژونووسان ئاماژەبەوەدەكەن دوای مردنی مەلیك قاهر لەساڵی، ناڕاستەوخۆ لۆلۆ بووەفە
رمانڕەوای موسڵ(ابن خلكان، دون تاريخ: 194/1؛ الديوجي، 309/1982 )، تەنانەت سەردەمی ئەو فە
رمانڕەوایەش لۆلۆ ڕۆڵ و پێگەیەكی بەهێزی هەبوو لەبەڕێوەبردن و ڕایی كردنی كاروباری وڵات،
چونكەلەسەر وەسیەتی نورەدین زەنگی باوكی مەلیك قاهر ببووەسەرپەرشتیاری هەردوو كوڕەكەی بە
هۆی كەم تەمەنیانەوە(ابن واصل، 1960: 20/4؛ ابن العبري، 2007: 229؛ حسين، 2010: 133).

دوای ئەوەی لۆلۆ نێردراوی ناردەلای خەلیفەو میر و دەسەڵاتدارەناوچەییەكان و توانی ڕەزامەندیان وە
ربگرێت بەدانانی (نورەدین ئەرسەلان شا)ی دووەمی كوڕی گەورەی مەلیك قاهرلەسەر وەسیەتی
باوكی بۆ شوێنگرتنەوەی، كە تەمەنی تەنها دەساڵان بوو(ابن الاثير: 2003، 383/10؛ ابن العبري،
2007، 232)[1]، لەكاتێكدا دیوەجی پێیوایەدانانی ئەرسەلان شای دووەم لەلایەن لۆلۆ بۆ ئەوەبووە مە
ترسییەكانی بنەماڵەی زەنگییەكان لەخۆی دوور بخاتەوە، بەتایبەتی عیمادەدین زەنگی، كەخاوەنی قەلای
شوش و عەقرەی حەمیدی بوو، چونكەزەنگی لەمردنی باوكییەوەممارەسەی فەرمانڕەوایەتی كردبوو،
هەروەها بەبێ گەڕانەوەو سەرپەرشتی لۆلۆ دەیتوانی ولاتەكەی بەڕێوەببات (1982: 311)، پێمانوایە
لایەنێكی دیكەی ئەو بەهێزی و دەسەلاتەی زەنگی بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوەكەزاوای موزەفەرەدین كەوكە
بەری(مر630ك/1233ز) فەرمانڕەوای هەولێر بووەو لەلایەن ئەوەوەپشتیوانی كراوە، چونكەهیچ كاتێك
لۆلۆ هەولێری بەدۆست و هاوپەیمانی هەمیشەیی خۆی نەزانیوە.

لێرەوەلۆلۆ ڕۆڵێكی نوێ دەبینێت و دەسەڵاتی زیاتر دەبێت، چونكەبەهۆی بێ ئەزمونی و كەم تەمەنی ئە
رسەلان شای دووەم، ئەو دەبێتە دەسەڵاتی یەكەم و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بەڕێوەبردنی كاروباری
وڵات دەگرێتەدەست، بەناوی خۆی نوسراو بۆ خەلیفەدەنێرێت بۆ ڕەزامەندی لەدابینكردنی دادپەروەری
و پاراستنی سیستەمی گشتی، بەمەبەستی بەرقەراربوونی ئاسایش لەناوچەكەدا :Patton, 1991).
(84بۆیە بەشێك لەمێژونووسان مردنی مەلیك قاهر بەسەردەمی كۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەتابەكی زە
نگی دادەنێن لەو ناوچەیەدا(بڕوانە:ابن واصل،1960: 262/3؛ ابن كثير، 1998: 75/17)، بەڵام توێژە
رێك پێیوایەلەدوای مردنی نورەدین ئەرسەلان شای یەكەم لەساڵی 607ك/1211ز دەسەلاتی ڕاستەقینەی
بنەماڵەی ئەتابەكی كۆتایی هاتووە، لۆلۆ لەوكاتەوەبەتەواوی دەستی بەسەر فەرمانڕەوایەتی ئەو شارەدا
گرتووە، ئەوەی مابوو تەنها ناوی سەردارانی بنەماڵەی ئەتابەگی بوو (الجميلي، 1970: 191).

بەڵام ئەم دۆخەبۆ لۆلۆ بەئارامی نەمایەوە، بەهۆی ناڕازیبوونی عیمادەدین زەنگی مامی ئەرسەلان شای
دووەم، چونكەعیمادەدین تەختی موسلی بۆ خۆی بەرەواتر دەزانی لەئەرسەلان شای دووەمی برازای، لە
لایەكەوەخۆی گەورەترین كوڕی بنەماڵەكەی بوو، فەرمانڕەوای ناوچەشاخاوییەكانی موسلیش بوو، كە
ناوچەیەكی ستراتیژی سنوری فەرمانڕەوای ئەو هەرێمەبوو، لەلایەكی دیكەوەفەرمانڕەوای داندراو كەم
تەمەن و یارای فەرمانڕەواییكردنی ولاتێكی گرنگی وەك موسل نەبوو(حسين، 2010: 114)، بۆیەزە

---

[1] ئیبن كەسیر لەڕوداوەكانی ساڵی (615ك/1218ز)دا دەڵێت: لەم ساڵەدا مەلیك قاهر مرد، كوڕەكەی لەجێگەی داندرا كەمنداڵ بوو، دوایی ئەویش كوژرا، بنەماڵەی ئەتابەكیان لێك هەڵوەشاندەوە، لۆلۆ كاروباری ولاتی گرتەدەست (1998: 75/17)، هەروەها لەسە رچاوەكانی دیكەشدا هاتووە: كاتێك مەلیك قاهرمرد، لۆلۆ بەڕوكەشی كوڕەكانی لەشوێنی دانا، پاشان بەتەواوی لەدەسەڵاتی دوور خستنەوە(ابي الفداء، 1997، 212/2؛ ابن العماد، 1979 :62/5)

نگی گەیشتەئەو بڕوایەی لۆلۆ بەدانانی ئەم منداڵەدەیەوێت شکۆی زەنگییەکان لەناو ببات و کۆتایی بەدە سەڵاتیان بهێنێت لەموسل، هەولیدا ڕێگەلەم کارەی بگرێت و دەسەلاتدارێتی ئەم شارەوەربگرێتەوە (ابن العبري، 2007: 231-232)، هەرچەندەهەڵوێستی موزەفەرەدین کەوکەبەری سەرداری هەولێر لەسەرە تادا ڕوون نییە، بەڵام دوای نارازی بوونی زەنگی و داواکردنی تەختی موسل، لایەنگری دەکات و یارمەتی دەدات لەبەدەستهێنانی(حسین، 2010: 114)، پێمانوایەئەم هەڵوێستەی کەوکەبەری لەڕووبەڕوو بوونەوەی لۆلۆ بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، دڵنیا دەبێت لەسیاسەتی پەراوێزخستنی زەنگییەکان لەدەسەڵاتدارێتی و پاوانخوازی دەسەڵات بۆ خۆی، جگەلەوەی هاوسۆزیشی بۆ زەنگی کەزاوایەتی، هەرچەندەئەرسەلان شای دووەمیش کچەزایەتی، بەلام بەهۆی کەم تەمەنی و بێ ئەزمونی، دڵنیابوو دەسەڵاتی ڕاستەقینەبۆ لۆلۆە[1]. لۆلۆیش بەردەوام نەیاری فەرمانڕەوای هەولێر بووەو کەوکەبەری هەمیشەزەنگی بەپالپشتی دە سەڵاتدارێتی خۆی دەزانی زیاتر لەلۆلۆ، چونکەئەتابەگەکانی موسل هەولێریان بەمولکی خۆیان و بە پارچەیەك لەئەتابەگی موسل دەزانی و بەو چاوەلەکەوکەبەرییان دەڕوانی، کەنوێنەر و دەمڕاستی ئە یوبییەکان بوو بەسەر هەولێرەوە(توفیق، 2010: 292).

بێ ئومێد بوونی زەنگی لەتەختی موسل، لەلایەکی دیکەوەبەدەستهێنانی پشتیوانی کەوکەبەری فەرمانڕە وای هەولێر بۆ گەڕانەوەی ئەو تەختە، وایکرد بکەوێتەپەلاماردانی ناوچەشاخاوییەکانی موسڵ، لەبە رامبەردا لۆلۆیش دەستی کرد بەڕەوانەکردنی هێز بۆ ئەو ناوچانە، بەلام بەهۆی سەرما و سۆڵەو کەش و هەوای بەفراوی و کۆمەکی کەوکەبەری، هیچ دەرەنجامێکی نەبوو، قەلاکانیش بەدەست زەنگییەوەمانەوە و تەنانەت بەشێك لەقەڵاکانی هەکاری و زۆزان، کەسەر بەموسل بوون کەوتنەدەست زەنگی(ابن الاثیر، 2003: 383/10-384؛ الجمیلي، 1970: 192).

ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان دوو جەمسەری سەرەکی هێز، کەئەوانیش لۆلۆ و کەوکەبەرین، هەر یەکێك لەو جەمسەرانەش هەوڵی پشتیوانی و دروستکردنی هاوپەیمانیاندا لەگە ڵ فەرمانڕەوا و هێزەکانی ناوچەکەلەبەرامبەر یەکتردا، ئەم ئاڵۆزییەگەیشتە ئاستی ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوانیان و لەئەنجامدا لۆلۆ چووە پاڵ مەلیك ئەشرەف(598-635ك/1201-1237ز) و هاوپەیمانێتی لەگە ڵ بەستا لەبەرامبەر نەیارەکانیدا، چونکەبێئومێد بوو لەخۆڕاگرتنی لەبەردەم هاوپەیمانێتی کەوکەبەری و زەنگی، پابەندی خۆی بۆ ئەشرەف ڕاگەیاند و لەسەر دراو ناوی نەخشاند (الحسیني، 1966: 53-54). دوای چەند ڕووبەڕوو بونەوەیەك، بەبەشداری شاندی خەلیفە(الناصرالدین الله) (575-622ك/1179-1225ز) و شاندی ئەشرەف، لەساڵی (616ك/1219ز) ڕێکەوتنامەیەك لەنێوان هەریەکەلەزەنگی و لۆلۆ مۆر کرا ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن الاثیر، 2003: 385/10؛ ابن واصل، 1960: 25/4؛ الجمیلي، 1970: 195-196).

ئەرسەلان شای دووەم چەند مانگێك لەسەر تەختی موسڵ مایەوەو لەساڵی (616ك/1219ز) کۆچی دوایی کرد(ابن الاثیر، 2003: 383/10)، ئەو مردنەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان زەنگی و لۆلۆ، بەهۆی ئەوەی لۆلۆهەڵسا بەدانانی ناسرەدین مەحمودی کوڕی دووەمی مەلیك قاهر، برای بچوکی ئەرسەلان شای دووەم، کەتەمەنی تەنها سێ ساڵان بوو(ابن واصل، 1960: 25/4؛ ابن العبري، 2007: 231)، ئەمەش زەنگی و کەوکەبەری بەتەواوی گەیاندەئەو باوەڕەی چارەنوسی بنەماڵە ی ئەتابەگی زەنگی کۆتایی دێت و دەسەڵاتی تەواو دەبێتەهی لۆلۆ(حسین، 2010: 120؛ الدیوجي، 1982: 313).

جارێکی دیکەپەیوەندی نێوان زەنگی و لۆلۆ ئاڵۆز بووەوە،زەنگی بەهاوکاری هێزەکانی فەرمانڕەوای هە ولێر، لۆلۆیش بەپالپشتی سوپای مەلیك ئەشرەفی هاوپەیمانی، ڕووبەڕووی یەك بوونەوەو لەئەنجامدا توانیان سوپای لۆلۆ بشکێنن و دوایان بکەون تا لەقەلای موسڵ ئابلوقەیان دان، چەند ڕۆژێك لەدەوروبە

149

[1] ساڵی (606ك/1209ز) دوای ئەوەی پەیوەندی نێوان نورەدین ئەرسەلان شای یەکەم و موزەفەرەدین کەوکەبەری بەرەو باشی هە نگاوینا، پەیوەندی خزمایەتیش لەنێوانیان دروست بوو، دوو کچی کەوکەبەری لەهەریەکەلە(مەلیك قاهر) و (عیمادەدین زەنگی) کوڕانی ئەرسەلان شا مارەکرا (ابن الاثیر: 2003: 350/10؛ ابن خلکان، دون تاریخ: 208/5)

ری موسڵ مانەوە، بەڵام سوپاکەی کەوکەبەریگەڕایەوەهەولێر، جارێکی دیکەلۆلۆ شاندی ناردەوەو ئاشتبونەوەیەکی دیکەلەنێوانیان ئەنجامدرا، هەرچەندەئەو ئاشتبونەوەیەکاریگەری نەبوو لەسەر پەیوەندی و پالپشتی کردنی کەوکەبەری بۆ زەنگی، کەوکەبەری بەهۆی ناتەبایی دێرینەی لەگەڵ لۆلۆ هەمیشەهەوڵی نزیکبوونەوەو پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ نەیارانی لۆلۆ دەدا، لەلایەکی دیکەوەزەنگیش هەر هەلێکی بۆ بڕەخسایەهێرشی دەکردەسەر قەلاکانی سنوری دەسەلاتی موسڵ و هانی سەرداری ئەو قەڵایانەی دەدا لەدژی لۆلۆ (حسین، 2010: 122-125).

عیمادەدین زەنگی دوای مردنی براکەشی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لەگێڕانەوەی تەختی فەرمانڕەوایی بۆ بنەمالەکەیان، لۆلۆیش یەك بەدوای یەك، منداڵەکانی مەلیك قاهری[1] خستەسەر تەختی فەرمانڕەوایی و پاش ماوەیەك لەناوی بردن(ابن كثير، 1998: 70/17)، وەك لەپێشتر ئاماژەمان پێکرد مەبەستیشی لەم کارەهەم بۆ دوورخستنەوەی عیمادەدین زەنگی و هەمیش بەهۆی سۆز و خۆشەویستی خەڵکی موسڵ بۆ ئەو بنەمالەیەنەیتوانی ڕاستەوخۆ ڕیشەکێشیان بکات، بەڵکو زەنگییەکانی هێشتەوەتا بەتەواوی پێگەو هێزی خۆی لەموسل جێگیر کرد و توانی لەڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ مەلیك ئەشرەف ڕوبەڕووی نەیارانی ببێتەوە، لەدوا قۆناغدا بەکوشتنی ناسرەدین مەحمودی کوڕی دووەمی مەلیك قاهر لەساڵی (630ك/1233ز)[2] کۆتایی بەفەرمانڕەوای ئەو بنەماڵەیەهێناو توانی دوا ئاستەنگی بەردەمی لەگەیشتنی بەکورسی دەسەڵات لاببات، لەساڵی (631ك/1234ز) بەڕەزامەندی خەلیفەتوانی ببێتەفەرمانڕەوای ئەو شارەو نازناوی (الملك المسعود)ی پێدرا و سکەی دراوی بەناوی خۆی لێدا (ابن العبري، 2007: 249؛ ابن الفوطي، 2003: 73؛ الجميلي، 1970: 238س)[3].

ئەوەی پەیوەندی بەعیمادەدین زەنگییەوەهەیە، تا ئەو کاتەی هاوپەیمانی کەوکەبەری بووە، شەڕ و ململانێی لەگەڵ لۆلۆ بەردەوام بووە، بەلام دوای نائومێد بوونی کەوکەبەری ئەو پەیوەندییەتوند و تۆلەی نێوانیان نامێنێت، زەنگی فەرمانڕەوایی لەدەست دەدا، بەلام هێشتا کەوکەبەری پشتی لێناکات و ساڵی (622ك/1225ز) دەیکاتەفەرمانڕەوای شارەزور، تا ساڵی (630ك/1233ز) لەوێ کۆچی دوایی دەکات (حوسێن،2010: 122-132)



**ڕەفتاری لۆلۆ بەرامبەر ناوچەکوردنشینەکان**

ماوەی دەسەڵاتی لۆلۆ لەموسل دوو قۆناغی جیاوازە، مقۆناغی یەکەم دەکەوێتەسنوری چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتی زەنگییەکان، کەبریتییەلەدەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی لۆلۆ لەدانانی منداڵانی سەرداری زەنگییەکان و سەرپەرشتیکردنیان، کەلەمردنی نورەدین ئەرسەلان شا دەست پێدەکات لەساڵی 607ك/1211ز، کەلەم ماوەیەدا یەك بەدوای یەك منداڵەزەنگییەکانی دەخستەسەر تەخت و بەکوشتنیان یەکێکی دیکەی لەجێگەی دادەنا (ابن كثير،1998 :383/17)، تا شکۆی زەنگییەکانی تێکشکاند و توانی لە ماوەی نزیکەی دوو دەیەپێگەو دەسەڵاتی خۆی جێگیر بکات، ئەم دەستەبەری سیاسییەش دەگەڕێتەوەبۆ کێشکردنی سەرنجی دەسەڵاتی ناوەندی خەلافەت، هەروەها بەنزیك بوونەوەو بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەندین هێزی ناوچەکە،بەتایبەتی ئەیوبییەکان، توێژەرێك پێیوایە ئەم هاوپەیمانێتییەی بۆ هەڕەشەی هاوپەیمانێتی نێوان زەنگی و کەوکەبەری دەگەڕێتەوە، چونکەمەترسی ئەوەی هەبوو لەفەرمانڕەوایەتی موسل دووریبخەنەوە، بۆیەپابەندی خۆی بۆ مەلیك ئەشرەف ڕاگەیاند و داوای یارمەتی لێکرد تا بەرەنگاری خواستەکانی زەنگی بێتەوەلەوەرگرتنی فەرمانڕەوایەتی موسل (الجميلي، 1970: 191)، هەرچە

(1) هەریەکەلەنورەدین ئەرسەلان شای دووەم(615-616ك/1218-1219ز) و ناسرەدین مەحمود (616-630ك/1219-1233ز).

(2) سەبارەت بەساڵی کوشتن و شێوازی کوشتنی ئەم فەرمانڕەوایەمێژونووسان زانیاری جیایان تۆمار کردووەو هاوڕانین، ئێمەبە پێویستمان نەزانی وردەکارییەکەی تۆمار بکەین، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن كثير، 1998: 203/17؛ ابو شامة، 1974: 142؛ الديوجي، 1982: 314؛ حسين، 2010: 133-137؛ الجميلي، 1970: 229).

(3) هەرچەندەبۆچونی جیاواز هەیەسەبارەت بەدیاریکردنی ساڵی دەست بەسەر داگرتنی لۆلۆ لەموسڵ، بەڵام ئێمەپێمانوایەساڵی 631ك/1234ز ڕاستترین بۆچونە، وەك دیوەجی و الجميلي وای بۆچوون، لەدوای مردنی کەوکەبەری لەساڵی 630ك/1233ز، کەدەکاتەباپیرەی ناسرەدین مەحمود لەدایکیەوە، دەرفەت بۆ لۆلۆ ڕەخسا و مەترسی هێزەکانی هەولێری لەسەر نەما، بۆیەهەلسا بەکوشتنی دوا فەرمانڕەوای ئەتابەکی زەنگی و خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی گرتەدەست (1982: 314؛ 1970: 229).

ندەلەم ماوەیەدا ڕوکەشیانەدەسەڵاتی زەنگییەکان مابوو بەڵام ڕاییکردنی کاروبارەکان و سیاسەتی وڵات لەلایەن لۆلۆەوەئاراستەدەکرا.

قۆناغی دووەم، دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی لۆلۆە، کەبەکوشتنی ناسرەدین مەحمودی دوا سەرداری زەنگییە کان توانی کۆتایی بەحوکمی 95ساڵەی ئەو بنەماڵەیەبێنێ و بەجۆرێك دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت، ببێتە فەرمانڕەوایەکی کارای ناوچەکەو تایبەتمەندی ببەخشێتەئاراستەی سیاسەتی ناوچەکە، بەتایبەتی لەهاتنی مەغۆلەکان.

هەرچەندەلەقۆناغی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئەو کەسایەتییەچەندین ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکان دروستبووە، وەك ئەو ڕوبەڕوو بوونەوانەی‌لەگەڵ قەڵاکانی سنوری وڵاتی هەکاری و ناوچەشاخاوییەکانی سنووری ولاتی موسڵ، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی سنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عیمادەدین زەنگی بوون، هەروەها فەرمانڕەوای هەولێریش بەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ زەنگی. بەڵام ئە وەی ئێمەمەبەستمانەشیکردنەوەی سیاسەتی ئەوکەسایەتییەیەلەقۆناغی دووەمیاندا،چونکەدەسەڵاتی ڕاستە وخۆی هەبووەو پیادەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی کردووە، چونکەهەرچۆنێك بێت پشکێکی سیاسەتی قۆناغی پێشوو دەگەڕێتەوەبۆ زەنگییەکان ئەگەر بەڕووکەشیش دەسەڵاتدار بووبن، بۆیەهەولماندا وەمە ودای توێژینەوەکەمان لەماوەی حوکمڕانی سەربەخۆی ئەو کەسایەتییەچوارچێوەدار بکەین و لەسنوری ئەو مەودایەدەرنەچین.

**بەدرەدین لۆلۆ و تەریقەتی عەدەوی**

تەریقەتی عەدەوی یەکێك لەو تەریقەتەئاینییانەیە،دەگەڕێتەوەبۆ کەسایەتی سۆفی ناوداری سەدەی شەشەم (شێخ عەدی کوڕی مسافر)[1]، کەتەریقەتێکی سۆفیگەری سوننیەو پێشەواکەیان پەیڕەوکاری مەزهەبی شافعییە، کەلەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە(یەزیدی) ناسراون، زۆر لەسەرچاوەکانیش ئاماژەیان بەخۆشەویستی و پەیوەستەگی ئەم گروپەئاینییەکردووەبۆ بنەماڵەی ئومەوی، تەنانەت لەلای هەندێك توێژەر زیادەڕەوی لەو گوزارشتەکراوەبەوەی بنیاتی ئامانجی ئەم گروپەدروستکردنەوەو نوێکردنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوییە(الرويشدي،1971: 36؛ سمو،2001: 49-50).

بەپێی سەرچاوەمێژووییەکان لۆلۆ سەر بەئاینزای شیعەبووە، هەولیداوەمەزهەبی شیعەگەشەبکات و لە نێو خەلکدا بڵاوی بکاتەوە، دەزگا ئاینییە شیعییەکانی نوێکردۆتەوەو بەشداری مەراسیمەئاینییەکانی کردووە، ابن کەسیر ئاماژەی بەوەکردووەکەهەموو ساڵێك قەندیلێکی زێڕی وەکو دیاری بۆ مەشهەدی ئیمامی عەلی ناردووەلەنەجەف، کەنرخەکەی (1000) هەزار دینار بووە(1998: 383/17)، هەروەها داوای لە فەقیهێك کردووەکتێبێکی لەبارەی کوشتنی حوسێنی کوڕی عەلی و هاوەڵانی لەکەربەلا بۆ بنووسێت، هۆکار و دەرەنجامەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە(ابن رجب، 2005: 81/4)، سەرەڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا ڕێگەبەشیعەکان دراوەلەموسڵ چالاکی مەزهەبی ئەنجام بدەن و ڕەوایەتی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالب ڕوون بکەنەوە، الرويشدي چەندین بەڵگەی هێناوەتەوەلەبارەی لایەنگری و پەیوەستەگی ئەو کەسایەتییەبۆ مەزهەبی شیعە( 1971: 37-44).

پێمانوایەئەم کەسایەتییەهەموو ئامرازێکی بەکارهێناوەبۆ گەیشتن بەدەسەڵات و تەختی فەرمانڕەوایەتی، بەجێگیری سەر بەبیچ ئاینزایەك نەبووە، لایەنگیری بۆ شیعەکانیش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەبتوانێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەخۆی بگونجێنێت و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی خەلافەت و خودی خەلیفەهە لبکات، چونکەسەرچاوەکان ئاماژەبەوەدەکەن خەلیفە(الناصرالدين الله)ی عەباسی (575-622ك/1179-1225ز)، جیاواز لەباوکو باپیرانی مەیلی شیعەی ئیمامی هەبووە(ابن رجب، 2005: 504/2؛



(1) عدي بن مسافر بن اسماعيل بن موسى بن مروان بن الحسن بن مروان بن الحكم،ساڵی (467ك/1074ز)لە گوندی (بيت فار)، لە ناوچەیەك بەناوی (شوف الاكراد) لەدایکبووە، سۆفییەکی دیاری جیهانی ئیسلامی سەدەی شەشەمی کۆچییە، دامەزرێنەری تەریقەتی عەدەوییەلەوڵاتی هەکاری، گوایا موریدەکانی لەدوای مردنی زیادەڕەوییان کردووەلەخۆشویستن و ڕێزگرتنی، ساڵی (557ك/1161ز) لەلالش مردووەو لەتەکیەکەی خۆی نێژراوە(ابن المستوفي، 2011: 106/1؛ ابن الاثير، 2003: 459/9؛ ابن خلكان: دون تاريخ: 254/3)

السیوطي، 2005: 415). لەوسەردەمەدا پێویستی و خواستی لؤلؤ، پشتیوانی و بەدەستهێنانی متمانەی خەلیفەبوو بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەدانانی منداڵەپێنەگەیشتووەکانی بنەماڵەی زەنگی، بەتایبەتی لە ساڵانی (615-616ك/1218-1219ز)، هەروەها بەدەستهێنانی دانپیانانی خەلیفەبەدەسەڵاتی سەربەخۆ و وەرگرتنی پۆستی فەرمانڕەوایەتی موسل،

ئەوەی جێگەی سەرنجەململانێ و ناکۆکی نێوان بنەماڵەی ئومەوی و شیعەکانیش ڕیشەیەکی قووڵی هەیە لەمێژووی ئیسلام، ئەم دەستەواژەیەش خۆی دەبینێتەوەلەڕەنگدانەوەی ئەو ناکۆکییەلەنێوان هەردوو لایە نی عەدەوییەکان و لؤلؤ، ئەوەی مەبەستمانەچاڵاکی دیاردەی مەزهەبییانەیەلەو سەردەمە، لەکاتێکدا لؤلؤ وەك فەرمانڕەوایەکی شیعەمەزهەب و عەدەوییەکانیش وەك گروپێکی سوننەمەزهەب، بۆیەبەردەوام ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەو دوو ئاراستەجیاوازەهەبووە.

هەرچەندەسەرچاوەکان ئاماژەیەکی ئەوتۆیان نەکردووەبەناکۆکی مەزهەبی نێوان ئەم دوو لایەنە، بەڵکو زۆربەی سەرچاوەکان گرژی نێوان ئەم دوو لایەنەدەگەڕێننەوەبۆ زیادبوونی نفوزی عەدەوییەکان و وەرچەرخانیان لەئاراستەیەکی سۆفیگەری ئاینی بۆ ئاراستەیەکیسیاسی، بەتایبەتی لەسەردەمی پێشەوایەتی شێخ حەسەنی[1] ڕێبەریان، زیادەڕەوییان لەهەندێك لەبنەما شەرعییەکانی ئاینی ئیسلام کردووەو بوونەتەگروپێکی توند ڕەوی ئایینی (الرویشدي، 1971: 33؛ صدیقي، 2015: 223)، پێدەچێت بەهۆی فراوانبوونی پانتایی نفوزی عەدەوییەکان لەسەردەمی شێخ حەسەن، ئەو بۆچوونەی دروستکردبێت، کە خواستی دەسەڵاتی سیاسی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی عەدەوییەکان چەند هێرشێکیان کردبووە سەر شاری موسڵ و مەترسیان لەسەر دەسەڵاتیلؤلؤدروستکردبوو، بەهۆی ئەوەی لەنێو هۆز و خێڵەکوردییەکانی ولاتی هەکاری دۆست و پەیڕەوکارێکی زۆریان هەبووە، صفدي ئاماژەی بەوەکردووەبەتەنها ئاماژەیەکی شێخ دەتوانن شاری موسل وێران بکەن (الصفدي، 2000: 63/12)، هەرچەندەئەمەپەیوەستییەکی ڕۆحی-ئایینی موریدەکانەبۆ شێخ، بەتایبەتی لەسەردەمی شێخ حەسەن، نەك دەسەڵاتی سیاسییانە، بەڵام لؤلؤ ئەو هێزەی بەمەترسی بۆ سەر میرنشینەکەی زانیوە، چونکەجموجۆل و چاڵاکی هەر هێزێك لەسنوری فەرمانڕەوایی ئەودا مەترسی بووەبۆ سەقامگیر بوونی ئاسایشی دەسەلاتەکەی(صدیقي، 2015: 223).

پێدەچێت جیاوازی مەزهەبیش ڕۆڵی بینیبێت لەقوول بوونەوەی کێشەکان، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی 640-652ك/1242-1255ز (الرویشدي، 1971: 31)، کەسەردەمی پێشەوایەتی شێخ حەسەنە، توێژە رێك ڕوداوێکی لەم بارەیەوەتۆمار کردووە، گوایەلەدانیشتنێکدا پرسیار لەشێخ حەسەن کراوە، کەلؤلؤیش ئامادەبووە،ئایایە
زیدبڕوادارەیانکافرە؟لەکاتێکداحسینکوڕیعەلیکوشتووە،ئەویشلەوەڵامدابەئیمامێکبەڕێزوشکۆداروەسفیکر دووە،ئەمەشلؤلؤیزۆرتوڕەکردووە (الحمد، 2001: 154).

ئەمەشپەرچەکردارێکبووەلەلایەنلؤلؤیشیعەمەزهەبفەرمانڕەوایموسڵ،لەڕووی ئایینی و هەمیش لە ڕووی سیاسییەوە.هێرشیکردۆتەسەریانوسوکایەتی پێکردوون، ژمارەیەکی زۆری پەیڕەوکاری تەریقەتی عەدەوی کوشتووە (الغساني، 1975: 601؛ الدیوجي، 1982: 317/1). لەڕووی ئایینییەوەبۆ ڕاستکردنە وەی ئەو لادانەی عەدەوییەکان تێیکەوتوون، چونکە چەند زاناو فەقیهێك، پەیامێك بۆموفتی (شێخ عماد الدین)[2]دەنوسن و باس لەگوفتارو بیروباوەڕیان دەکەن، گوایەلەڕێبازی دروستی ئیسلام لایانداوە و باوە ڕیان بەئەزەلی بوونیڕوخسارو شێوەو خاڵبەندی قورئان(النقط والشكل والأغشار) هەیە، ئەمەش وایکردووە فتوای خراپەکاری و بێبڕوایی و گومڕاییان بەسەردا دەسەپێنێت و بەمەترسیان دادەنێت لەسە

(1)شێخ حەسەن: کوڕی شێخ عەدی دووەم و نەوەی شێخ عەدی کوڕی مسافرە، بەشێخی کوردان ناسراوە، لەلاش لەدایك بووە، توانایە کی بەرزی لەهونەری وتاربێژی و ئامۆژگاری کردن و هۆنینەوەی شیعری سۆفیگەری هەبووە، خاوەنی سێ کتێب بووە، بەساڵ دوای شێخ عەدی کوڕی مسافر پێشەوایەتی تەریقەتی عەدەوی کردووەو لە ناو کوردەکانی هەکاری بووەتەخاوەن شوێن کەوتوویەکی زۆر ( الکتبي، 1973: 334/1؛ الذهبي، 1996: 224/23؛ صدیقي، 2015: 208).

(2) عمادالدین ابو حامد کوڕی محمد کوڕی یونسی هەولێریە، زانایەکی شەرعناس و بلیمەت و فەقیهێکی شافعیە،لەبواری مەزهەب و گروپەئایینییەکان و یاسا ئایینیاکانی ئەو سەردەمەپرس و ڕاوێژیان پێکردووە، ساڵی (535ك/1140ز) لەهەولێر لەدایکبووەو دواتر چۆتەبەغدا، لەقوتابخانەی نیزامیەخوێندوویەتی، ساڵی (608ك/1211ز) لەشاری موسڵ مردووە( ابن الاثیر، 2003: 357/10؛ بن خلکان، دون تاریخ: 253/4؛ الذهبي، 1984: 498/21).

رئاییبنی ئیسلام(ابن المستوفي، 2011: 109/1)، لۆلۆیشئەم هەڵەلەکیس خۆی نادات بۆ سەرکوتکردنیان، چونکە ڕەوایەتی بەهێزش و پەلامارلۆلۆ دەدات بۆسەر ئەو گروپەئاینییەبۆ دەرباز بوون لەم مەترسیە .هەروەها لەڕووی سیاسیشەوەسەرچاوەی گرتووەلەمەترسی بوونی پەیوەستییەکی توندی عەدەوییەکان بەشێخ حەسەن، چونکەڕێی تێدەچێ کەوشەنی پانتاییەکۆمەڵایەتییەئاینییەکەتێپەڕێنێ و ببێتەهەژمونێکی سیاسی و ئەو مەترسییەلەسەر دەسەڵاتی لۆلۆ دروست بکات، وەك لەگێڕانەوەیەك دەردەکەوێت ، کاتێك واعیزێك دێتەلای شێخ حەسەن و ئامۆژگاری دەکات لەخواپەرستی و ترسی خوای بیردێنێتەوە، شێخ حە سەن دەست دەکات بەگریان و دەکەوێتەحالەتی نائاگایی، موریدەکان کاتێکئەو دۆخەی شێخەکەیاندەبینن گۆشاوگۆش سەری واعیزەکەدەبڕن، کاتێك شێخ بەئاگا دێتەوەدەڵێت ئەوەچییە؟ ئەوانیش دەڵێن چۆن دە بێت ئەو سەگەشێخی ئێمەبگریێنێت، لەبەرامبەر ئەو کارەشێخ حەسەن بێدەنگ دەبێت(الصفدي: 2000، 63/12)،هەروەها شێخ حەسەن پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هەولێر هەبووەو سەردانی هەولێری کردووە(ابن المستوفي، 2011: 107/1). لەکاتێکدا گرژی دۆخی نێوان وڵاتی هەکاری و موسڵ بۆ سە ردەمانی پێشتر دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەماوەی دانانی منداڵەزەنگییەکان و دورخستنەوەی عمادالدین زە نگی لەتەختی موسل، بۆیەلۆلۆ ترسی ئەوەی هەبووەیاخی بوونی عەدەوییەکان ببێتەهاندەر بۆ ناوچەکانی تریش لەیاخی بوون و شۆڕ ش لەدژی.

هەموو ئەوانەبوونەهۆی ئەوەی شەرعناس و زانا فیقهییەکانی فتوای لادانیان بۆ دەربکەن و بەکافرو بێبڕوایان لەقەلەم بدەن، حوکمی ئەوەشیان بەسەردا سەپێنرا، مال و سامانیان بۆ موسولمانان حەڵالەو نابێت نوێژیان لەسەربکرێت و لەگۆڕستانی موسولمانانیش بنێژرێن (ابن المستوفي، 109/2011:1-110)، ئەمەش زەمینەیەکی لەبار و هەڵێکی گونجاو بوو بۆ لۆلۆ کەخۆی ڕزگار بکات لەو مەترسییە، شێخ حەسەن لەقەڵای موسڵ زیندانی دەکات و لەساڵی (644ك/1246ز) لەتەمەنی (53)ساڵیدا لەسێدارە ی دەدات(الذهبي،224/1996:23؛ الصفدي، 2000: 63/12).

توێژەرێك پێیوایە بەهێزی و ژمارەی زۆری عەدەوییەکان و باوەڕبوون و پەیوەستبوونیان بەتەریقەتەکە یان،هەروەها پیرۆزی و خۆشەویستی ڕەهایان بۆ شێخی ڕێبەریان، وایکردووەململانێ و کێشەیان لەگەڵ لۆلۆ بەردەوام بێت،چونکەعەدەوییەکان وەك گروپێکی ئایینی ڕێکخراو و تۆکمەی بەهێز، لەلایەکەوەبۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی پێشەواکەیان، لەلایەکی دیکەوەبەهۆی ناکۆکی و ململانێی دێرینی مەزهەبییان، خۆیان ڕێکخستووەبۆ هێرشکردنەسەر شاری موسڵ و لەناوبردنی دەسەڵاتدارێتی لۆلۆ، دیارەمەترسی ئە وەیان دروستکردووە، بتوانن ئەو پرۆسەیەئەنجام بدەن، وەك لەگێڕانەوەیەك دەردەکەوێت، هێزیان گە یشتۆتەئەو ئاستەی، کەبەتەنها ئاماژەکردنێك دەتوانن ئەوشارەوێران بکەن(الصفدي، 2000: 63/12).



بۆنەهێشتنی ئەو مەترسییە و پاکتاوکردنی عەدەوییەکان، لۆلۆ لەساڵی (652ك/1254ز)،جارێکی دیکەبە سوپایەکی زۆرەوەهێرشی کردووەتەسەر عەدەوییەکان لەلالش، کەمەڵبەندێکی ئاینی – ڕۆحی عەدەوییە کان بووە، بەهۆی ئەوەی مەزارگەی پێشەوای یەکەمی تەریقەتەکەیان بووە، ژمارەیەکیان بەدیل دەگرێت و ژمارەیەکیشیان دەکوژێت، گۆڕی شێخ عەدی هەڵدەداتەوەو ئێسك و پروسکەکەی دەسوتێنێت(ابن الفوطي، 2003، 103: 315؛ الغساني، 1975: 601).

مەبەست لەهەڵدانەوەی گۆڕی شێخ عەدی، کۆتایی هێنان و ڕیشەکێشکردنی ڕۆحی عەدەوییەکانەبۆ نە هێشتنی هەموو ئەو مەترسیانەی لەلایەن ئەو گروپەوە بۆسەر شاری موسڵ و فەرمانڕواکەی دروست بووە، لۆلۆ زانیویەتی عەدەوییەکان پەیوەندیەکی ڕۆحیان بەو مەزارگەوەهەبووە و هێزی پێ بەخشیون، بۆیەداوالێکردوون لە(تل التوبة)ی شاری موسل خودا بپەرستن و نەچنەوەلالش(ابن المستوفي، 107/1:)،ئەم هێرشەسەربازییەبەگەورەترین و توندوتیژترین هێرشی سەربازی دادەنرێت کەتا ئەوکاتە کرابێتەسەر کوردەعەدەوییەکان و توانی پەرش و بڵاویان بکەنەوە.

### لەشکرکێشی مەغۆلەکان و سیاسەتی لۆلۆ

یەکێك لەو سیما سیاسییانەی کەلۆلۆی پێدەناسرێتەوە، هەڵکردن و خۆگونجاندنیەتی لەگەڵ ئاراستەی شە پۆلی پێگەی دەسەڵاتی ناوەندی، وەك لەمەوپێش بۆمان دەرکەوت هەڵکردنی بوو لەگەڵ هێزی بەهێزی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، بەتایبەتی مەلیك ئەشرەف، لەبەرامبەر نەیار و ئەنتی دۆستەکانی، لەگەڵ دەسە

ڵاتی ناوەندیشدا لۆلۆ توانیبووی سەرنجی دەسەڵاتی ناوەندی خەلافەت ڕابکێشێت، بەوەی کەگوێڕایەڵی خەلیفەبکات و خوتبەبەناوی خەلیفەبخوێندرێتەوەو سکەبەناوی ئەو لێبدات، سەرەڕای ئەوەی چەندینجار شاندی ناردووەبۆ بەغدا و دیاری گرانبەهای پێشکەشی خەلیفەکردووە، تەنانەت هەولیداوەخۆی لەکەسایە تییەکانی ناو کۆشك نزیك بکاتەوە، بەتایبەتی لەڕێگەی ژن و ژنخوازی سیاسی و بەشداری کردن لە پرسەو ڕێوڕەسمەکان(الرويشدي، 1971، 54-67؛ الديوجي، 1982: 314-315).

کەوکەبەری وەك نەیارێکی لەمێژینەی لۆلۆ، یەکێك بوو لەو مەترسیانەی هەمیشەلەبەردەم فراوانخوازییە کانی کۆششی دەکرد، نەیار و نەخوازراوەکانی هاندەدا بۆ یاخی بوون و ڕووبەڕوو بوونەوە، بۆیەلۆلۆ هە میشەمەترسی لەپەرەسەندنی دەسەڵات و بەهێزبوونی پێگەی کەوکەبەری هەبوو، دەیویست هەولێر تە ریك بکات لەهێزەکانی ناوچەکە، بەتایبەتیش لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی و خودی خەلیفە، بۆیەکاتێك پەیوە ندی نێوان کەوکەبەری و خەلیفەبەرەوپێش دەچێت، بەتایبەتی لەساڵی (628ك/1230ز) کاتێك کەوکەبە ری پێشوازی لەو میوانداریی‌یەکرد، کەخەلیفەبۆی ڕێکخست و چووەبەغدا، کلیلی هەولێر و هەموو قە لاکانی سەر بەو میرنشینەی پێشکەشی خەلیفەکرد (الذهبي، 1998: 405/45). لۆلۆ هەولی زۆریدا ئەم پەیوەندییەتێکبدات، چەندین نامەی بۆ خەلیفەنوسی تا بیکاتەدوژمنی کەوکەبەری و متمانەی پێ نەمێنێت، لەنامەیەکیدا ئاگاداری خەلیفەی کردووەکەوکەبەری دەستی عەجەمەکانی ڕاکێشاوەبۆ هەولێر و کۆمەکی کردوون، دوژمنەکانی خەلیفەی کۆکردووەتەوەو ئامانجیانەهێرش بکەنەسەر شاری بەغدا، هەرچەندەبە هۆی ئەم زانیارییانەتوانی خەلیفەهەلوەستەیەك بەرامبەر کەوکەبەری بکات، بەڵام نەیتوانی بەتەواوی پە یوەندی نێوانیان تێکبدات (حسين، 2010: 169-170)، پێدەچێت مانەوەی ئەو پەیوەندییەبۆ ئەوەبگەڕێتە وەخەلیفەپێویستی بەهێزەکانی هەولێر و سوپای کەوکەبەری هەبووە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا مەترسی هێرشی مەغۆلەکان بۆ بەغدا زیاد ببوو، سەرەڕای چەندین کێشەو گرفتی ناوخۆیی لەتەواوی سنوری دە ولەتی ئیسلامی.

خەلافەتی عەباسیش لەو سەردەمەدا لەبارودۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی و ئاژاوەو سنورەکانی کە وتبوونەبەر هەڕەشەی هێزەجیاوازەکان، ڕووبەڕووی چەندین هێرش ببوەوە، دەسەڵاتی خەلیفەش جگەلە پێگەیەکی ئایینی و ڕۆحی، هەیمەنەیەکی ئەوتۆی بەسەر ناوچەدوورەکانی وڵات نەمابوو، یەکێتی جیهانی ئیسلامی پشێوی تێکەوتبوو، ناکۆکی لەنێوان میرنشینەئیسلامییەکان لەپەرەسەندندا بوو.

لەلای ڕۆژهەڵات هێرشی سەربازی جەلالەدین مەنکەبەرتی(618-628ك/1220-1230ز)، دوا سولتانی خوارزمییەکان بۆ سەر شار و ناوچەگەلێکی وڵات نائارامی دروستکردبوو، لای ڕۆژئاوا و باکوریشی هەلمەتی خاچییەیەك بەدوای یەکەکان، مەترسی لەسەر ناوچەکانی هەرێمی جەزیرەو وڵاتی شام و میسر دروستکردبوو، سەرەڕای جموجۆلی مەغۆلەکان و هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەجیاوازەکانی ئەم وڵاتە، هەموو ئەمانەهەڵوێستی خەلیفەیان لاواز کردبوو لەپاراستنی ئاسایش و سەقامگیری یەکێتی جیهانی ئیسلامی (الرويشدي، 1971: 54-55)، بۆیەدەسەڵاتی ناوەندی ئامادەیی هەبوو لەداواکاری هەر دۆستایەتییەك لەگەڵ ولات و ناوچەکانی سنوری دەولەتی ئیسلامی، لەم چوارچێوەیەشدا خۆنزیك کردنە وەی لۆلۆی قبولکردووە، چونکەکەسایەتییەکی سیاسی و فێڵباز بووەوفەرمانڕەوای ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگی وەك موسلیش بوو، ئەمەش وای لەخەلیفەکردووەپێشوازی لەهەموو داواکارییەکانی ئەم کەسایە تییەبکات.

لەلایەکی دیکەوەلۆلۆ لەدوای مردنی کەوکەبەری لەساڵی 630ك/ز خزمەتێکی گەورەی خەلیفەی کرد، چونکەهەریەکەلەمەلیك کامل و مەلیك ئەشرەف دەیانویست هەولێر بخەسەر فەرمانڕەوایەتی خۆیان، بە هۆی ئەوەی میران و کاربەدەستانی هەولێر هاودەنگ نەبوون و هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو لەڕادە ستکردنی شارەکەبەهەریەکەلەم دوو هێزەو سوپای خەلیفە، وەك پێشتر ئاماژەکراوەکەوکەبەری بەر لە مردنی پەیمانی بەخەلیفەدابوو شارەکەی ڕادەست بکات و کلیلی قەلاکانی پێشکەشی خەلیفەکردبوو، لەهە مانکاتدا سوێندی سەرکردەو میرەکانی هەولێریدابوو کەگوێڕایەلی خەلیفەبکەن و پەیمانەکەی ببەنەسەر، بەڵام دەسەلاتدارانی هەولێر پابەندی ئەو سوێند و پەیمانەنەبوون لەگەڵکەوکەبەری و هەندێکیان

بانگێشتی مەلیك كامل و هەندیكیشیان بانگێشتی مەلیك ئەشرەفیان كرد، لەئەنجامدا شەڕ و گرژی كەوتە نێوانیان، لۆلۆیش توانی بەلێهاتویی خۆی قەناعەت بەهەردوو لایان بێنێت كەدەسبەرداری هێرشی سەر هەولێر بن، بەم شێوەیەش توانی گەورەترین خزمەت بەسوپای خەلیفەبكات، چونكەبەم كردارەی توانی دوو هێزی گەورەلەپێش هێزەكانی خەلیفەلاببات، دوای ڕوبەڕوو بونەوەیەكی توند سوپای خەلیفەتوانیان هەولێر داگیر بكەن (تۆفیق، 2010: 295-300). ئەم هەڵوێستەی لۆلۆ خۆ دوور خستنەوەبوو لەمەترسی دراوسێیەتی ئەیوبییەكان، چونكەمەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵاتی ئەو لەموسڵ، لەلایەكی دیكەخۆنزیك كردنەوەبوو لەخەلیفەتا بیسەلمێنێت تاكەدلسۆز و وەفاداری دەسەڵاتی ناوەندی بەغدایە. جگەلەمەش بە هێز بوونی پێگەی خەلیفەلەهەولێر، دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتییەك بوو، كەپشتیوان و دۆستێكی نزیكی خۆی بوو.

هێرشی مەغۆلەكان لەچارەكی یەكەمی سەدەی حەوتەمی كۆچی، هاوكێشەی هێزی لەناوچەكوردنشینەكانی چوارچێوەی سنوری دەولەتی ئیسلامی گۆڕی، دەتوانین بڵێین قۆناغێكی نوێ بوو لەبنیاتنانەوەو داڕشتنەوەی سەرلەنوێی پەیوەندییەكان لەنێوان هێز و دەسەلاتدارێتی ناوچەكە، ئەگەرچی بۆ زۆربەی میرنشین و فەرمانڕەوایەتییەكان نەهامەتی و وێرانكارییەكی چاوەڕوان نەكراو بوو، یان هۆكاری دروستبوونی كەشێكی نائارامی ئەوتۆ بوو، كەئاسایشی سیاسی لەناوچەكەهەلوەشاندەوە، بەڵام هێزی ئەوتۆ هەبوو توانی خۆی لەگەڵ ئەو بارەبگونجێنێت و تەنانەت پێگەو هێزی خۆی زیاتر سەقامگیر بكات و لەبەرژەوەندی سیاسی و سەربازی خۆی بیشكێنێتەوە، یەكێك لەو سەركردەسیاسییانەش لۆلۆ بوو، كە گوێڕایەلی و ملكەچی بۆ مەغۆلەكان ڕاگەیاند و پارێزگاری لەمانەوەو شكۆی فەرمانڕەوایەتییەكەی كرد، ئەگەرچی لەدەیەی یەكەمی فەرمانڕەوایەتیدا دژایەتی هێزیمەغۆلەكانی كرد (الرويشدي، 1971: 9).

دوای ئەو قۆناغەتوانی متمانەیان دەستەبەر بكات و لەگەڵ مەغۆلەكان ئاشتبێتەوەوفەرمانڕەوایەتییەكەی بپارێزێت لەهێرشی وێرانكەرانەیان، بەو مانایەی ویستویەتی بەهەمان شێوەی ڕابردوو، لەگەڵ ئەو هێزە نوێیەش بگونجێ و هاوسەنگی مانەوەی خۆی ڕابگرێت، توێژەرێك پشتڕاستی ئەوەدەكاتەوە، پێیوایە دوای ئەوەی لۆلۆ دڵنیا بوو مەغۆلەكان دەست بەسەر بەشێكی زۆری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دادەگرن و دە بنەهەڕەشەیەكی مەترسیدار لەسەر دەولەتی ئیسلامی، هیچ هیوایەكی نەما كەبتوانێت بەرگری لەخەلیفە بكات، بۆیەچووەپاڵ مەغۆلەكان و بەتەواوی پەیوەستبوونی خۆی ڕاگەیان (الديوجي، 1982: 318)، ئەمەدەریدەخات چەمكی ئاگایی و وشیاری سیاسی، بەشێكی دانەبڕاوەلەستراتیژییەتی لۆلۆ و بەرپرسیارانەش لەبەرامبەر سەركێشییەدبلۆماسییەكان مامەلەی كردووە، چونكەئەگەر هاوكاریكردن و پالپشتیكردنی هێزێكی وێرانكەری وەك مەغۆلەكانیش بێت، دواجار خۆدوور گرتنەلەشەڕ و پارێزگاریكردنەلەبەرژەوەندییەسیاسی و سەربازییەكانی فەرمانڕەوایەتییەكەی.

ئاشكرایەهێرشی مەغۆلەكان لەمێژووی دەولەتی ئیسلامیدا، یەكێكەلەبەهێزترین و ترسناكترین ئەو هێرشانەی ڕوبەڕووی دەولەتی ئیسلامی بووەتەوە، دەسپێكی جوولەی ئەم نەتەوەیەلەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بۆ سەر دەولەتی خوارزمی دەستپێكرد و بەرەو ناوچەكانی هەولێر و موسل و چەقی دەسەڵات هەلكشا.

لۆلۆ لەسەرەتای لەشكركێشی مەغۆلەكان بۆ ناوچەكانی دەولەتی ئیسلامی، هاوشێوەی هێزەكانی دیكەبەرامبەر ئەو سوپایەوەستاوەو پشتیوانی سوپای نەیاری مەغۆلەكانی كردووە، چونكەپەیوەندییەكی پتەوی بەناوەندی دەسەڵات و خودی خەلیفەوەهەبووە، بۆیەدەبینین سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتی حوكمڕانی لەگەڵ كەوكەبەری سەرداری هەولێرپەیوەندی نێوانیان تەنگژەو پڕ لەئاشووب بووە، بەڵام بەهۆی مەترسی مەغۆلەكان ناكۆكی نێوانیان كاڵ بووەتەوەو هاوكاری یەكتریان كردووەلەڕوبەڕوو بوونەوەی ئەو هێرشانە، ناردنی سوپای موسل بۆ هەولێر لەساڵی (617ك/1220ز) نمونەی ئەم ڕاستییەن، بۆ ئەوەی لەپاڵ سوپای كەوكەبەری ڕوبەڕووی سوپای مەغۆل بوەستنەوە، كاتێك ئەو سوپایەویستیان هەولێر داگیر بكەن (الذهبي، 1997: 44/44)، لەهێرشێكی دیكەی مەغۆلەكان لەساڵی

(618ك/1221ز) بۆ سەر شاری هەولێر، کەوکەبەری داوای هاوکاری و پشتیوانی لەلۆلۆ کرد بۆ ڕه وانەکردنی سوپا، لۆلۆ سەربازەشایستەکانی کۆکردەوەو بۆ پاڵپشتی کەوکەبەری ڕەوانەی کرد (ابن الاثیر، الکامل، 2003: 412/10؛ الغساني، 1975: 384).

لەساڵی (628ك/1230ز) کۆمەڵێکی دیکەی مەغۆل لەئازربایجانەوەگەیشتنەشارەزوور، کەناوچەیەکی فراوانی سەر بەمیرنشینی هەولێر بوو(ابن الاثیر، 2003: 494/10)، ساڵی (632ك/1234ز) جارێکی دیکەمەغۆلەکان گوشاریان خستەوەسەر هەولێر و ناچاری پاشەکشەکران ڕووەو موسل (الرويشدي،1971: 245)، ساڵی (633ك/1235ز) هێزێکی دیکەی مەغۆلەکان لەچیاکان شۆڕ بوونەوە و هێرشیانکردەسەر هەولێر، دیسان ڕوبەڕووی بەرگری بوونەوەو بەرەو موسل و شەنگار هەلکشان (الذهبي، 1999: 144/2؛ ابن العبري، 2007: 249؛ توفيق، 2010: 351)، توێژەرێك پێیوایەهەموو ئە و هێرش و فشارانەی مەغۆلەکان، پێدەچێت لۆلۆی بێ هیوا کردبێت لەڕوبەڕوو بوونەوەو بەرگری، بە تایبەتی مەترسی هەبوو ئەو لەشکرکێشیانەشاری موسلیش بگرێتەوە(الرويشدي، 1971: 224-225). لە گەڵ ئەوەشدا تا ئەو کاتەدەردەکەوێت لۆلۆ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەمەغۆلەکانەوەنەبووە، چونکەلەو ڕوداوەی کۆتایی خەلیفەفەرمان دەکات سوپا لەهەموو هێزەکانی ناوچەکە کۆبکرێتەوەبۆ بەرەنگار بوونە وەی مەغۆلەکان (ابن الفوطي، 2003: 80)، پێدەچێت موسلیش بەشداری ئەو سوپایەی کردبێت، چونکە هەوالی بەشداری نەکردنی موسل لەهیچ سەرچاوەیەك باس نەکراوە، پێمانوایەئەگەر لۆلۆ سەرپێچی ئەو فەرمانەی خەلیفەی کردبێت، مێژونووسان هەواڵێکی گرنگی وایان پشتگوێ نەدەخست، بەتایبەتی لەو ساڵەشدا کوڕێکی لۆلۆ چووەتەبەغدا بۆ سەردانی خەلیفە(ابن العبري، 1991: 282).

ئەگەرچی هێرشەکانی مەغۆل لەدەسپێکدا بێ بەرنامەو هەڕەمەکی بووە، تەنها مەبەستیان تاقیکردنەوەی وزەو شیانی خۆیان بووەبۆ چاوترساندنی هێزەکانی بەرامبەریان، دەیانویست بزانن تا چەند هێزەکانی سنوری دەولەتی ئیسلامی توانای بەرەنگار بوونەوەیان هەیە، لەنێو ناوچەکوردنشینەکانیشدا هەولێر گرنگی ستراتیژی هەبوو بۆیان، بۆیەبەردەوام دەستبەرداری پەلاماری ئەو شارەنەدەبوون، هەرکاتێك سوپایەکیان ڕێگای کەوتبێتەئەو ناوچەیە، هێرشیان کردووەتەسەر ئەو شارە، لەلایەك دەیانویست پارچە یەکی بەرفراوان و گرنگی جەستەی خەلافەت داببرن، لەلایەکی دیکەبۆ نزیك بوونەوەبوو لەبەغدا (توفيق، 2010: 351-352)، بۆیەساڵی (634ز/1236ز)جارێکی دیکەهێرشیان کردەوەسەر ئەم شارەو گەمارۆیاندا، ئیبن عیبری لەگێرانەوەی ئەم ڕوداوەدا ئاماژەی بەوەکردووە گەمارۆکە(40) ڕۆژی خایاندووەو زەرەر و زیانێکی زۆری مالی و گیانی بەر ئەو شارەکەوتووە(2007: 250). هەرچەندەلە کتێبی (كتاب الحوادث) دا هاتووەلۆلۆ بەخواردن و چەك و ئامێری جەنگی هاوکاری مەغۆلەکانی کردووەلەو شالاوەدا (ابن الفوطي، 2003: 89)، بەڵام پێدەچێت نووسەری ئەو کتێبەزانیارییەکانی ساڵانی دواتری لەگەڵ ئەو ڕووداوەتێکەڵ کردبێت، چونکەتاکو ساڵی (642ك/1244ز) پرسی ئەو پەیوە ندییەی نێوان مەغۆلەکان و لۆلۆ نادیارەو لەسەرچاوەکانی دیکەئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام دوای ئەو قۆناغەزۆر لەسەرچاوەکان باس لەپیادەکردنی سیاسەتی ملکەچکردن و گوێڕایەلی و ڕازیکردنی لۆلۆ بۆ مەغۆلەکان کراوە، تەنانەت لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانیان گەیشتووەتەئەو ئاستەی لەهەندێك پرسی گرنگدا مەغۆلەکان ڕاوێژیشی پێدەکەن (الرويشدي، 1971: 248).

لۆلۆ دوای ئەو هێرشانەی هەولێر، تەواو هەستی بەمەترسی مەغۆلەکان کردووە، دڵنیا بوو ئەگەر هە لۆیستی بەرەی نەیارانی مەغۆل هەلبژێرێت، چارەنووسی لەو ناوچانەباشتر نابێت کەکەوتبوونەبەر شاڵاو و پەلاماریان، بەتایبەتی لەدوای مردنی مەلیك ئەشرەفی هاوپەیمانی لەسالی (635ك/1237ز) (ابن خلكان، دون تاريخ: 333/5؛ الذهبي، 1999: 146/2)، چونکەپشتیوانییەکی بەهێزی بوو لەناوچە کەو بەو مردنەگەورەترین پاڵپشتی لەدەستداوە، بۆیەپێمانوایەلەم قۆناغەدا لۆلۆ هەولی نزیکبوونەوەو گوێڕایەلی مەغۆلەکانی هەلبژاردووەبەهەر شێوەیەك بێت، پێویستەئاماژەبەوەش بکەین هەر لەم ساڵەدا سوپای مەغۆلەکان پەلاماری پانتاییەکی فراوانی ناوچەکانی عێراق دەدەن، تا دەگەنەشاری سامەڕا و سنوری بەغدا، هەرچەندەسوپای خەلیفەدووریان دەخەنەوە، بەڵام لەکۆتایی ئەمسالەدا لەهێرشێکی دیکەدا

دێنەوەنزیك بەغدا و دەگەنە شاری خانەقین (ابن العبري، 2007: 251)، بۆیەپێدەچێت لەدوای مردنی مەلیك ئەشرەف هەلوێستی لۆلۆ گۆڕابێت و هەولی خۆنزیك کردنەوەی دابێت لەگەڵ مەغۆلەکان،

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕووی ڕاستەقینەی لۆلۆ لەدوای ساڵی (642ك/1242ز) دەردەکەوێت بەهەموو شێوەیەك هەولیداوەدەسەلاتی بپارێزێت، لەبەرامبەر هێرش و تالانکارییەکانی مەغۆل بۆسەر جیهانی ئیسلامی، تەنانەت لەیارمەتیدانیشیان سڵی نەکردووە، بەتایبەتی بۆسەر ئەو میرنشینانەی پێشتر سەردارەکانیان ڕکابەر و نەیاری بوون، یان خواستی دەست بەسەرداگرتنی میرنشینەکانی هەبوو، وەك هێرشی مەغۆلەکان بۆ هەولێر لەکۆتاییەکانی دەولەتی عەباسی، چونکەلۆلۆ هەولێری بەنەیاری هەمیشەیی دەزانی و دەیویست بیخاتەسەر میرنشینی موسل، بۆیەهاوکاری مەغۆلەکان دەکات لەگرتنی ئەو شارەدا. چونکەلەکۆی هێرش و پەلامارەکانیان بۆسەر ئەو شارە، لەساڵەکانی (617- 629- 632- 633- 634- 635- 655ك)، نەیانتوانی قەڵای ئەو شارەداگیر بکەن، تا لەکۆتاییەکانی دەولەتی عەباسی، هاوکات لەگەڵ کەوتنی بەغدا، هێزێکی مەغۆل پەلاماری شارەکەیاندا و چەند کۆشان نەیانتوانی بچەنێو قەلا، بۆیەکەوتنەڕاوێژ لەگەڵ لۆلۆ، ئەویش پێشنیاری کرد لەئێستادا بەهۆی لەباری کەش و هەوا و پاشەکەوت کردنی خۆراك و کەلوپەل و پێداویستییەکان لەلایەن خەلکی شارەکە، ناتوانرێت بچەناو قەڵا و داگیری بکەن، پێویستەلەوەرزی هاوین هێرش بکرێتەسەریان، چونکەکوردەکان بەرگەی گەرما ناگرن و بەرەو چیاکان هەلدەکشێن، لەئەنجامدا پێشنیاری لۆلۆ بووەهۆی ئەوەی مەغۆلەکان توانیان بچەناو قەڵا و ڕادەستی لۆلۆیان کرد، ئەویش شوراکانی قەڵای ڕوخاند (الهمداني، دون تاريخ: 2/298-299).

لەگێڕانەوەیەکی ئیبن عیبری، لۆلۆ بەرامبەر بەدینار قەڵاکەی لەمەغۆلەکان وەرگرتووەو میر و پارێزگاری خۆی لێداناوە، بەڵام دوای دوورکەوتنەوەی مەغۆلەکان، شرف الدین جەلالی، کەنەیاری لۆلۆ بووە، بەڕەزامەندی هۆلاکۆ، دەست و پێوەندەکانی لۆلۆی لەشارەکەدەرکردووەو خۆی فەرمانڕەوایەتی هەولێری گرتەدەست (2010: 308-309)، لۆلۆ لەم هەڵوێستەی بێ دەنگ نەبوو، کاتێك شەرەفەدین جەلالی هاوکاری هێزی مەغۆلەکانی دەکرد بۆ هێرشکردنەسەر شاری جولەمێرگ، لۆلۆ لەڕێگەی کوردێکی کرێگرتەی، لەنێو ڕەشمالەکەی خۆیدا توانی بیکوژێت (ابن العبري، 1991: 309).

لەهەمانکاتدا (تاج الدين ابن صلايا العلوي) (مر656ك/1258ز) والی هەولێر، کەلەدوای هێرشەکەی ساڵی (634ك/1236ز) لەلایەن خەلیفەوەکرابووەوالی هەولێر و ڕاسپێردرابوو شورای شارەکەنۆژەن بکاتەوە، کەلەلایەن مەغۆلەکان بەشی زۆری شوراکان ڕوخێنرابوون، لەدوا هێرشی سەر شاری هەولێر خۆی ڕادەستی مەغۆلەکان کرد بەو هیوایەی شارەکەلەکاولکاری و خوێن ڕشتن بپارێزێت, کاتێك لەمەراغەهێنایانەلای هۆلاکۆ، هەرچەندەالهمدانی تاوانباری دەکات (دون تاريخ: 2/298)، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی مێژونووسانی دیکە، گوایا هۆلاکۆ ویستویەتی لێیخۆش بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیاری لۆلۆ بووە، هۆلاکۆی هانداوەئەم کەسایەتییەشەریفی مەککەیەو لەماڵباتی پێغەمبەرە، لەوانەیەلە دوارۆژدا هەوڵبدات ببێتەخەلیفەو موسولمانان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، دەبێتەمەترسی و کێشەبۆ دەسەڵاتی، ئەویش باوەڕی هێناوەو فرمانی کوشتنیداوە( الصفدي، 2000: 5/88؛ الذهبي، 1999: 48/40؛ تۆفیق، 2010: 270).

لۆلۆ لەداگیرکردنی شاری میافارقینیش هەمان هەلوێستی نواند لەهاوکاری کردنی مەغۆلەکان، بەهێزێکەوەپالپشتی ئەو هێرشەکرد و مەنجەنیقی بەرزی جێگیر کرد لەبەرامبەر مەنجەنیقی شارەکە، کەخودی خۆی لەمەنجەنیق هاویشتندا زۆر کارامەبووە(ابن شداد، 1978: 3/489-490؛ تۆفیق، 2010: 377)،هەمەدانی ئاماژەی بەوەکردووەشەڕەکەئەوەندەبەهێز بووەو مەنجەنیقەکانی هەردوولا ئەوەندەبەخەستی بۆردومانی یەکتریان کردووەهەندێکجار بەردەکان لەئاسمان بەریەك دەکەوتن(الهمدانی، دون تاريخ: 2/320).

ئیبن شەدادخۆی شایەدحالی ڕووداوەکەبووە، لەشاری دیمەشقەوەبەنوێنەرایەتی مەلیك ناسرچووەتەشاری میافارقین، بۆ هێور کردنەوەی مەغۆلەکان و دەستهەڵگرتن لەئابلوقەدانی شارەکەنامەی پیرۆزبایی سەرکەوتن و چەندین دیاری بەنرخی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆیان، توانی مەغۆلەکان ڕازیبکات بەپێدانی سە

157

د هەزار دیناری سولتانی و شەش هەزار نیودیناری، لەبەرامبەر دەستهەڵگرتن لەئابلوقەدانی شارەکە، ئە و کاتەی مەغۆلەکان خەریکی کشانەوەی هێزەکانیان بوون، لۆلۆ بەپەلەنامەیەکی بۆ ناردن و بارودۆخی مەلیك ناسری بۆ ڕوون کردنەوە، کەگوایەچەند میرێکی ژێر دەسەڵاتی هەڵگەڕاونەوەو مەلیك ناسریش بەنیازەوڵاتی شام جێبهێلێت، بەمەش توانی مەغۆلەکان پەشیمان بکاتەوەلەدەستهەڵگرتن لەئابلوقەدانی شارەکە(ابن شداد، الاعلاق، 1978: 3/497-500؛ تۆفیق، 2010: 377-378).

ئەم هەڵوێستەی لۆلۆ بەرامبەر شاری میافارقین بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، لۆلۆ ویستبووی شاری ئامەد بگرێت، کاتێك سەلجوقیەڕۆمەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەنهێنی پەیوەندی بەیەکێك لەگەورەبە رپرسەکانی شارەکەکردبوو بەڵێنی دەسکەوت و پاداشتی باشی پێدابوو ئەگەر هاوکاری بکات. مەلیك کاملی سەرداری میافارقین کاتێك بەو پلانەی زانی، دەسپێشخەری کرد و ئامەدی گرت، میرێکی کوردی وەك جێگری خۆی لەم شارەدامەزراند، چونکەپێشتر ئامەد لەسنوری دەسەڵاتداریێتی باوکی بوو، مەلیك کامل لەوەترسابوو لۆلۆ دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت و بەهاوکاری مەغۆلەکان پشتی لێبگرن، دەرە نجامی ئەوەش لۆلۆ ویستی تۆڵەی خۆی لەمەلیك کامل بکاتەوەو هاوکاری مەغۆل بکات لەداگیر کردنی شاری میافارقین (ابن شداد، 1978: 3/525؛ تۆفیق، 2010: 373).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ هەموو ئەو هاوکارییانەی لۆلۆ بۆ مەغۆلەکان و پشتیوانی کردنی سیاسە تی داگیرکەرانەیان، الرويشدي پاساوی بۆ دێنێتەوەو بارودۆخی نالەباری جیهانی ئیسلامی دەکاتە هۆکارێك بۆ لۆلۆ، کەسیاسەتی ملکەچی هەلبژێرێت، تەنانەت ئاماژەبەوەدەکات گوایەڕۆڵی ناوەندگیری گێڕاوەلەنێوان مەغۆلەکان و فەرمانڕەواکانی ناوچەکەبۆ کەمکردنەوەی سیاسەتی شەڕانگێزی و کاولکارییانەی مەغۆلەکان (الرويشدي، 1971: 250)، بەڵام سیاسەتی خۆپەرستانەی لۆلۆ لەو هاوکارییەی بۆ مەغۆلەکان دەردەکەوێت، کەهێرشیان کردەسەر شاری بەغدا و کوڕەکەی بەهەزار سوارەوەنارد بۆ پشتیوانی هۆلاکۆ لەگرتنی ئەو شارەدا (ابن کثیر، 1998: 17/356؛ ابن العبري، 1991: 314)، لەکاتێکدا بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتی لۆلۆ ناوەندی دەسەڵات و کۆی خەلیفەکان پالپشت و هۆکار بوون بۆ بەردەوام بوونی دەسەڵاتی لۆلۆ و پاراستن و جێگیر بوونی.



لۆلۆ تا کۆتایی تەمەنی سڵی لەهاوکاری و پشتیوانی و ملکەچی مەغۆلەکان نەکردەوە، زیاتر هەولی خۆنزیك کردنەوەی مەغۆلەکانیدا و پەیوەندی نێوانیان لەگەشەسەندن بوو، تەنانەت لەدوای گرتنی شارە کانی هەولێر و بەغدا و...هتد و گەڕانەوەی هۆلاکۆ بۆ ئازربایجان، لۆلۆ بەدیاری گرانبەهاوەچووەخزمە تی هۆلاکۆ و پێشوازی کرا (الهمداني، دون تاريخ: 2/300).

دوای گەڕانەوەی لۆلۆ بۆ شاری موسل، ساڵی(657ك/1258ز) کاتێك هۆلاکۆ ویستی هێرش بکاتەسەر وڵاتی شام و میسر، نامەیەك بۆ لۆلۆ دەنێرێت و پێی ڕادەگەیەنێت تەمەنی تۆ لەساڵ تێپەڕیوەو لەهاتنی تۆ دەبوورین، بەڵام پێویستەمەلیك صالحی کوڕت یاوەری هێزەکانمان بکات بۆ گرتنی ولاتی شام و میسر، لەئەنجامی ئەو لەشکرکێشییەی بەپاڵپشتی هێزەکانی موسل و شام ئەنجامدرا، ناوچەکوردنشینە کانیش کەوتنەبەر شالاوی ئەو پەلامارە، چیاکانی هەکاری و شاری خەلات کەوتنەبەر لێشاوی شەپۆلی ئەو داگیرکارییە، همدانی لە ناساندنی ئەو شاخانە، ئاماژەی بەوەکردووەکەبنکەو بارەگای کوردەگومڕا و یاخی بووەکانە، مەغۆلەکان هەموو ئەو کەسانەیان کوشت کەلەوێ بوون، هەروەها شارەکانی میافارقین و ئامەد و نصیبین و حەرانیش بەر ئەو شالاوەکەوتن و زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و مالیان بەرکە وت (الهمداني، دون تاريخ: 2/305-306).

لۆلۆ سەرکەوتوو دەبێت لەسیاسەتی پاوانخوازی و پاراستنی فەرمانڕەواییەکەی، دەتوانێت میرنشینەکەی بپارێزێت لەشالاوی بەردەوامی مەغۆلەکان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی و ئەو کاولکاری و ڕەشەکوژییەی ڕووبەڕووی بەشی زۆری شارو ناوچەکانی دەولەتی ئیسلامی بووەوە، توانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو هێزەدا بەزیندویی بهێلێتەوەو موسل و فەرمانڕەواییەکەی بپارێزێت لەهەموو ئەو هێرش و پەلامارو کاولکارییانەی قۆناغی هێرشی مەغۆلەکانی پێدەناسرێتەوە.

لەساڵی (657ك/1258ز)[1] لؤلؤ بەهۆی نەخۆشیەوە، لەتەمەنی هەشتا ساڵیدالەموسڵ کۆچی دوایی دە کات، مەلیك سالح اسماعیل شوێنی دەگرێتەوەو کچێکی هۆلاکۆ دەخوازێت، بەلام ئەو ناتوانێت بەردە وامی بەپەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ مەغۆلەکان، تا لەساڵی (660ك/1261ز) مەغۆلەکان هێرش دەکەنە سەر شاری موسل و داگیری دەکەن، مەلیك سالحیش لەو ساڵەدا دەکوژن (الذهبي، 1996: 357/23)

**ئەنجام**

دوای گەڕان بەنێو ئەو سەرچاوەمێژووییانەی کەبەهۆی زانیارییەکانیان توانیمان ئەو توێژینەوەیەبەرهەم بێنین، گەیشتینەچەند دەرەنجامێك، لەوانە:

1- لؤلؤ وەك کۆیلەیەك خزمەتی بنەماڵەی ئەتابەکی زەنگی کردووەلەموسل، توانیویەتی بە لێهاتویی خۆی ببێتەکاریزمایەکی بەهێز کاریگەری لەسەر سیاسەتی زەنگییەکان دروست بکات، وەك کەسایەتییەکی سیاسیش، لەسەرەتاوەخواستی قۆرخکردنی دەسەڵاتی هەبووەو جیاوازی خستۆتەنێو بنەماڵەی زەنگییەکان، بۆئەوەی دەرفەت لەلاوازیان وەربگرێت و ئاسانتر بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و دەستبەسەر میرنشینەکەیاندا بگرێت، دانانی منداڵەکەم تەمەنەکانی بنەماڵەی زەنگیش پلانێکی داڕێژراو بووەلەلایەن ئەو کەسایەتییەو دواتر کوشتنیان، بۆ بەهێز بوونی پێگەی خۆی.

2- لەنێو هاوکێشەسیاسییەکاندا توانیویەتی پێگەی سیاسی خۆی بچەسپێنێت و پەیوەندییەکانی لەسە ر بنەمای هێز دابڕێژێت، بەجۆرێك کەزۆربەی کات پەیوەندییەدبلۆماسیەکانی هۆکارێك بووە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن، بەهۆی ئەزمونی سیاسی واقعبینانەی مژارەکان، جۆرەها شێوازی بەکار هێناوەبۆ خۆ گونجاندن و هەڵکردن لەگەڵ پرسەهەنوکەییەکاندا، تەنانەت هێزێکی وەك مەغۆلەکان، کەسەرچاوەی هەڕەشەو تۆقاندن و وێرانکاری بووەبۆ زۆربەی هێزەکانی ناوچەکە، بەڵام ئەو توانیویەتی لەبەرژەوەندی خۆی بیانقۆزێتەوەو بەکاریان بێنێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ دروست کردوون و هاوکاری سە ربازی و دارایی پێشکەش کردوون لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتی و سەقامگیر بوونی ئاسایشی میرنشینەکەی.

3- لەڕووی مەزهەبیشەوە، بەپێی سەرچاوەمێژوییەکان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەسایەتییەك بووە هیچ گرنگییەکی بەبیروباوەڕی ئاینی نەداوە، بەڵکو هەولیداوەخۆی لەگەڵ دۆخی ئایینی سە ردەمەکەبگونجێنێت، وەك دەبینین ئەو سەردەمەلەلایەن خەلیفەوەگرنگی بەمەزهەبی شیعە دراوە، ئەویش خزمەتی ئەو ئاینزایەی کردووە.

4- هەموو ئامرازێکی بەکارهێناوەبۆ گەیشتن بەدەسەڵات، وەك کوشتنی منداڵی زەنگییەکان کەئە رکی سەرپەرشتی کردنیانی لەئەستۆ گرتبوو، هەڵگەڕانەوەش لەو هێزانەی کەڕۆژگارێك یارمەتیان دابوو.

5- ناکۆکیشی لەگەڵ کوردەعەدەوییەکان لەسەر بنەمای هێز بووە و زیاد بوونی لایەنگرانی ئەو گروپەئاینییەمەترسی دروستکردووەلەسەر ئاسایشی میرنشینەکەی، بۆیەفتوای هەندێك لە زانایانی پێش خۆی کردووەتەبیانوو بۆ هێرش کردنەسەریان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەڕەسەنەکان**



[1] سەرچاوەکان جیاوازن لەتۆمارکردنی ساڵی مردنی لؤلؤ لەنێوان ساڵەکانی (656-657-658ك)، بەڵام پێمانوایەساڵی (657ك/1258ز) ڕاستترین بۆچونە، چونکەسەرچاوەکان ئاماژەبەوەدەکەن دوای گرتنی بەغدا و گەڕانەوەی هۆلاکۆ بۆ ئازربایجان، لؤلؤ سەردانی کردووەلەشاری مەراغە، گەڕاوەتەوەو لەشاری موسڵ مردووە(بڕوانە: ابن العبري، 2007: 279؛ ابو الفدا، 1997: 307/2؛ الذهبي، دول الاسلام، 1999: 176/2)، زۆر لەسەرچاوەمێژوییەکانیتر جەخت لەمردنی لؤلؤ دەکەنەوەلەم ساڵەدا.

ابن الاثير: عزالدين بن علي بن ابي الكرم الشيباني (ت630ه/1232م)
الكامل في التاريخ، راجعه وصححه: الدكتورمحمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية، بيروت، 2003.
التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، تحقيق: عبدالقادر احمد طليمات، دار الكتب الحديثة، القاهرة، 1963.
ابن العماد: الامام شهاب الدين ابي الفلاح عبدالحي الحنبلي الدمشقي(ت1089ه/1678م)،
شذرات الذهب في اخبار من الذهب، دار الميصرة، بيروت، 1979/5.
ابن خلكان:ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد الاربلي (ت681ه/1282م)
وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، حققه: احسان عباس، دار صادر، بيروت، د.ت.
الذهبي: شمس الدين ابي عبدالله محمد بن احمد بن عثمان (ت748ه/1347م)
تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربى، بيروت، ج1998/45، ج1999/48،ج1992/23، ج44، 1997 .
سير اعلام النبلاء، تحقيق: بشار عواد معروف و محيي هلال السرحان، مؤسسة الرسالة، بيروت، ج1996/23، ج1984/21.
العبر في خبر من غبر، حققه: ابو هاجر محمد السعيد زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت، 1985/3.
دول الاسلام، حققه: حسن اسماعيل مروة، دار صادر، بيروت، 1999.
ابن رجب: الامام الحافظ عبدالله احمد بن احمد بن رجب(ت795ه/1392م)
الذيل على طبقات الحنابلة، تحقيق: عبدالله احمد بن سليمان العثيمين، مكتبة العبيكات، مكة المكرمة، 2005.
السيوطي: جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر (ت911ه/1505م)
تاريخ الخلفاء، دار الفكر، بيروت، 2005.
الصفدي: صلاح الدين خليل ايبك (ت764ه/1362م)الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤوط و تركى مصطفى، دار أحياء التراث العربي، بيروت، 2000.
ابو شامة: شهاب الدين ابو محمد بن عبدالرحمن المقدسي الدمشقي (ت665ه/1266م)
تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتين، تحقيق: محمد زاهد بن الحسن الكوثري، دار الجيل، بيروت، 1974.
ابن العبري: غريغوريوس ابو الفرج جمال الدين (ت685ه/1286م)
تاريخ الزمان، نقلهالى العربية: الاب اسحق أرملة، قدم له: جان موريس فييه، دار المشرق، بيروت، 1991.
تاريخ مختصر الدول، وضع حواشيه: الاب انطوان صلحافي اليسوعي، دار المشرق، بيروت، 2007.
الغساني: الملك الاشرف اسماعيل بن العباس (ت803ه/1400م)
العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك، تح: شاكر محمود عبدالمنعم، دار التراث الاسلامي، بيروت، 1975.
ابو الفداء: الملك المؤيد عمادالدين اسماعيل بن علي (ت732ه/1331م)
المختصر في اخبار البشر(تاريخ ابو الفداء)، علق عليهووضع عواشيه: محمد ديوب، دار الكتب العلمية، بيروت، 1997.
ابن الفوطي: كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني (723ه/1323م)
لحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، تح: مهدي النجم، دار الكتب العلمية، بيروت، 2003.
الكتبي: محمد بن شاكر بن احمد(ت764ه/1363م)
فوات الوفيات، تحقيق: احسان عباس، دار صادر، بيروت، 1973.
ابن كثير، عماد الدين ابو الفداء اسماعيل بن عمر (ت774ه/1372م)
البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالحسن التركي، دار هجر، 1998.
ابن المستوفي: شرف الدين ابو البركات المبارك بن احمد اللخمي الاربلي(ت637ه/1239م)

تاريخ اربل المسمى نباهة البلد الخامل بذكر بمن وردەمن الاماثل، تحقيق: محمد عثمان، دار الكتب العلمية، بيروت، 2011.
الهمداني: رشيدالدين فضل الله (ت718ه/1318م)
جامع التواريخ، نقلهالى العربية: محمد صادق نشأت و محمد موسى هنداوي، دار احياء الكتب العربية، القاهرة، دون تاريخ.
ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم(ت697ه/1297م)
مفرج الكروب من اخبار بني ايوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، د.م، 1960.

**سەرچاوەعەرەبیەنوێیەکان**

الجميلي: رشيد
دولة الاتابكة في الموصل بعد عمادالدين زنكي (541-631ه)، دار النهضة العربية، بيروت، 1970.
الحسيني: محمد باقر
العملة الاسلامية في عهد الاتابكي، دار الجاحظ، بغداد، 1966.
الحمد: محمد عبدالحميد
الديانة اليزيدية بين الاسلام والمانوية، الرقة، 2001.
الديوجي: سعيد
تاريخ الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل،1982.
سمو: ازاد سعيد
اليزيدية من خلال نصوصها المقدسة، المكتب الاسلامي، بيروت، 2001.
صديقي: محمد الناصر
تاريخ اليزيدية النشأة - الفكر والمعتقدات – العادات والطقوس، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، 2015.

**سەرچاوە کوردییەکان**

حسين: محسن محمد
هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا، و: علی قادر، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2010.
تۆفیق: زرار صدیق
کورد و کوردستان لەسایەی خیلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010.

**سەرچاوەئینگلیزییەکان**

32- Patton: Douglas, Badr al-din lulu and the Establishment of amamluk Government in Mosul, Studia Islamica, No. 74 (1991), pp.79-10

**Seçilmiş Kaynakça:**

İbnu’l-Esir: İzu’d-Din bin Ali bin Ebi’l-Bekr eş-Şeybani (h. 630/ m. 1232)
El-Kamil fi’t-Tarih, raciuhu we sehhehehu: ed-Doktor Muhemmed Yusuf ed-Dikak, Daru’l-Kitabu’l-İlmiyye, Beyrut, 2003.
Et-Tarihu’l-Bahir fi’d-Devleti’l-Atabekiyye, tahkik: Abdulkadir Ahmed Telimat, Darul’l-Kutub, 1963
İbnu’l-İmad: el-İmam Şihabu’d-Din Ebi’l-Felah Abdu’l-Hay el-Hanbeli ed-Dımeşki (h. 1089/ m. 1678),
Şezeratu’z-Zeheb fi Ahbari mine’z-Zeheb, Daru’l-Meysere, Beyrut, 1979/5

İbni Hallıkan: Ebu'l-Abbas Şemsu'd-Din Ahmed bin Muhemmed el-Erbili (h. 681/ m. 1282)

Vefeyatu'l-Ayan ve Enbau'z-Zeman, Hekekehu: İhsan Abbas, Daru Sadır, Beyrut, D. T. Ez-Zehebi: Şemsu'd-Din Ebi Abdullah Muhemmed bin Ahmed bin Osman (h. 748/ m. 1347)

Tarihu'l-İslam ve Vefeyatu'l-Meşahir ve'l-Alam, Ömer Abdusselam Tedmiri, Daru'l-Kitabi'l-Arabiyye, Beyrut, c. 45/1998, c. 48/1999, c. 23/1992, c. 44/1997

Seyru A'lami Nubela, tahkik: Beşşar İvad Maruf ve Muhyiddin Hilal es-Serhani, Müessesetu'-Risale, Beyrut, c. 23/1996, c. 21/1984

El-İber fi Haberin min ğeber, : hekekehu, Ebu Hacir Muhemmed es-Said Zeğlul, Daru'l-Kutubu'l-İlmiyye, Beyrut, 1985/3

Duvelu'l-İslam, hekekehu: Hasan İsmail Muruvet, Daru'-Sadır, Beyrut, 1999

İbni Receb: el-İmam el-Hafız Abdullah Ahmed bin Ahmed bin Receb (h. 795/ m. 1392)

Ez-Zeylu Ala Tabakati'l-Henabile, tehkik: Abdullah Ahmed bin Süleyman el-Asimin, Mektebetu'l-Ubeykat, Mekketu'l-Mukerreme, 2005

Es-Suyuti: Celalu'd-Din Abdurrahman bin Ebibekr (h. 911/ m. 1505)

Tarihu'l-Hulefa, Daru'l-Fikr, Beyrut, 2005